# ڕۆڵی ڕۆشنبیری ژن لە شاری سلێمانی (1990-1975)

ئامانج حسن احمد[1] - ئاڤان احمد عبدلله[2]

[1+2]بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ناونیشانی توێژینەوەکە (ڕۆڵی ڕۆشنبیری ژن لە شاری سلێمانی 1975_–1990). هەوڵێکە بۆ ڕونکردنەوە و خستنەڕوی ڕۆڵی ژن لە شاری سلێمانی. بەرپێبازێکی زانستی شیکردنەوە بۆ زانیاریەکانی نێو توێژینەوەکە کراوە. ماوەی نێوان ساڵانی (1975_1990) قۆناغێکی زۆر گرنگە لە مێژوی شاری سلێماندا، کە تێیدا چەندین چالاکی ئەنجامدراون، تا ئێستاش شوێنەواریی ئەو چالاکیانە بەسەر ڕەوشی ڕۆشنبیریەوە لەم شارەدا دیارە. لەبەرئەوەی سلێمانی لەڕوی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و کەلتورییەوە گەشەسەندو بوە و سەرمەشقی ئازادی و بیری نوێ بوە، هەر بۆیە بزاڤی ژنان لەم ناوچەدا، بە بەراورد بە ناوچەکانی تری باشوری کوردستان، پەرەسەندوتربوە. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کرانەوەی خەڵکی ناوچەکە و ئەو هەوڵە ڕۆشنگەرانەی پێشوتر کە هەبون. پاشان بونی چەندین (کەسایەتی ژنی ڕەچەشکێن، نوسەر و ئەدیب، هەبونی زانکۆ، پەیمانگا، گۆڤار و ڕۆژنامە، تیپی هونەری و مۆسیقا و شانۆ) هێندەی تر زەمینەیان بۆ ژن ڕەخساندوە تاکو بتوانن بونی خۆیان بسەلمێنن، بەتایبەت دامەزراندنی تیپی مۆسیقای ئامادەیی سلێمانی کچان لە ساڵی (1975)دا، سەرەتایەکی گرنگ و پێویست بو، بۆ بەشداری و ڕۆڵی ژن لە چالاکییە هونەریی و ڕۆشنبیریەکاندا.

توێژینەوەکە گەیشتوە بەو ئەنجامەی کە ژنان شانبەشانی پیاوان لەسەرجەم بوارە جیاجیاکاندا، ڕۆڵی گرنگ وبەرچاویان بینیوە و یەکێک لەو بوارانە مۆسیقا و گۆرانیە ، لە ڕێگەی گۆرانییەوە ژن توانیویانە هەست وناخی خۆیان دەربڕن، وەک پەیامێک بۆ پاڵپشتی پێشمەرگە و هەستی نیشتیمان پەروەرییان. هەروەها لەبواری نواندندا، ژن ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوە، بەتایبەت هونەری شانۆ، بونی ئەو ژمارە لە ژن لەسەر تەختەی شانۆ بۆ خۆی بەرپەرچدانەوەی نەریتە کۆنەکان بوە و کارێکی ڕەچەشکێنی بوە.

**کلیلە وشەکان:** ژن، ڕۆشنبیریی، شاری سلێمانی.

**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(4).Paper3
**Received:** 31-Aug-2022
**Accepted:** 04-Oct-2022
**Published:** 29-Dec-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
Amanj.ahmed@univsul.edu.iq
Avan.abdulla@univsul.edu.iq
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin

## پێشەکی:

1. **ناساندنی بابەتی توێژینەوەکە:** مەبەستمان لە ڕۆڵی ڕۆشنبیری ژن لە شاری سلێمانی (1975_1990)، ئەو ڕۆڵ و بەشداری و چالاکییانەی ژنانە کە لەو دەمەدا لەلایەنی ڕۆشنبیرییەوە گێڕاویانە. ئەم توێژینەوەیە، تیشکدەخاتە سەر ڕۆڵی ژنان لە لایەنێکی گرنگی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا. لەمیانی ئەم لایەنەوە مێژوی نەنوسراو و بایەخ پێنەدراوی ژنانی کورد دەخاتە چوارچێوەیەکی ئەکادیمی و گەنگەشەی گرفت و کۆسپەکان و ئامرازەکانی ئایندەی پێشکەوتنی ژنان دەکات.
2. **هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتەکە:** پرسی ژن و دەرخستنی ڕۆڵی ڕۆشنبیرییان لە سەردەمی ئێستادا، پانتاییەکی فراوانی لەنێو بایەخ پێدانی نێودەوڵەتی و جیهانی داگیرکردوە، بە تایبەت لەلایەن ڕێکخراو و بیرمەندان و چالاکوانەکانەوە، گەرچی ئەم بایەخ پێدانە زۆرە، بەڵام لەڕوی ئەکادیمییەوە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا، بایەخەکە بە ئەندازەی پێویست نییە. هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە زۆربەی زانستە مرۆییەکانی وەک کۆمەڵناسی و ڕاگەیاندن و دەرونناسی کارگەلێک لەسەر پرس و ڕەوشی ژن کراوە، بەڵام لەچوارچێوەی کاری مێژوییدا هەوڵەکان لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕن.
3. **ئامانجەکانی توێژینەوەکە:** تیشکخستنەسەر ئەو قۆناغەیە لە مێژوی ژنانی کوردستان (1975_1990)، چونکە ئەو قۆناغە لە مێژوی ژن کەمترین بایەخی پێدراوە، چ لە ڕوی کۆمەڵایەتی و چ لەڕوی سیاسییەوە، فشارێکی زۆر لەسەر ژن هەبوە. هەروەها هەوڵدانە بۆ شیکردنەوە و ڕونکردنەوەی گرنگترین ئەو ڕۆڵە ڕۆشنبیرییانەی ژن لە کایە جۆربەجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا هەیبوە، دواتر بۆ پێشکەشکردنی ئەنجامێکی شیکاریی بابەتیانەیە.
4. **میتۆدی توێژینەوەکە**: میتۆدی توێژینەوەکە پشتی بەستوە بە میتۆدی مێژوی شیکاری کە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی ئەو بارودۆخە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، کە ژن لەو دەمەدا تێیدا ژیاوە.
5. **گرنگی توێژینەوەکە**: گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە کە سەرجەم چالاکی و ڕۆڵ و پێگەی ژن لە کایەی ڕۆشنبیری لەو ماوەیەدا دەردەخات (1975_1990). باس لە چینێکی گرنگی کۆمەڵگە دەکات کە ژنە.

هاوکات ئەم توێژینەوە دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی بۆ کتێبخانەی کوردی و توێژەرانی ئەم بوارە سودی لێوەردەگرن.

6. **گرفتەکانی توێژینەوەکە**: لەم توێژینەوەدا توشی چەندین ئاستەنگ بوینەوە چونکە بەردەستخستنی سەرچاوە لەم بوارەدا کارێکی قورس و گران بو، دواتر دۆزینەوەی ئەو ژنانەی لەو دەمەدا ڕۆڵیان هەبوە رو ڕێکخستنی چاوپێکەوتن لەگەڵیاندا گرفت بو، هەروەها ئەم بابەتە لە پێشوتردا بەکەمی کاری لەسەر کراوە، دواجار ژن خۆیان بەگوێرەی پێویست هاوکارمان نەبون لە کۆکردنەوەی زانیاری و بەڵگەنامەکان.

7. **پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوە لە دەروازەیەک و چوار تەوەر پێکهاتوە. لە دەروازەکەدا باس لە ڕەوشی ڕۆشنبیری شاری سلێمانی کراوە، وەک بەرچاوڕونییەک بۆ تێگەیشتن لە دۆخی ژن و چالاکیە ڕۆشنبیریەکانی. تەوەری یەکەم تێیدا باس لە مۆسیقا و گۆرانی وەک دو کایەی دیاری هونەری و ڕۆشنبیری و ڕۆڵی ژن لەو کایە گرنگەدا کراوە، کە لە ڕێگەی مۆسیقا و چەندین گۆرانی وتنەوەوە توانیویانە جێدەستیان دیاربێت. تەوەری دوەم باس لەو ژنانە دەکات کە لە کاری نواندندا ڕۆڵی کاریگەریان هەبوە و توانیویانە ڕوبەڕوی پرسی پیاوسالاری و ئاڵنگاری کەلتوری داخراوی کۆمەڵگەی کوردی لە باشور ببنەوە. تەوەری سێیەم باس لە هونەری شێوەکاری دەکات و گرنگی و بایەخی ڕۆڵی ژنە شێوەکارەکانمان بۆ شرۆڤە دەکات، ئەوەمان بۆ ڕون دەکاتەوە، کە ژنان چۆن بە دەسترەنگینی و کارە هونەرییەکانیان گوزراشتیان لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی کردوە. تەوەری چوارەم باس لە ئەدەبیات و نوسینی ژنان دەکات، لەو سۆنگەیەوە مێژوی پۆلێک ژنە شاعیرو ئەدیبمان بۆ دەخاتەڕو. لە کۆتاییدا ئەنجام، لیستی سەرچاوە، پەراوێز، پاشکۆ و پوختە بە زمانی ئینگلیزی خراوەتەڕو.

## دەروازە: سنوری جوگرافی و بارودۆخی ڕۆشنبیری شاری سلێمانی:

شاری سلێمانی یەکێکە لەو شارانەی کە لەلایەن کورد خۆیەوە بنیاتنراوە، مێژوی دامەزراندنی ئەم شارە بەبەراورد بەشارەکانی دیکەی باشوری کوردستان نوێیە، کە لەسەردەمی میرنیشینی بابان لەلایەن (ئیبراهیم پاشای بابانەوە) لەساڵی (1784)دا لە نزیک گوندی مەڵکەندی بنیاتنراوە. لەبارەی ناوی (سلێمانی) بیروڕای جیاواز هەیە، ئاماژە بەوە کراوە، کە (ئیبراهیم پاشا) بەناوی باپیریەوە ناوی ناوە، یاخود بەناوی سلێمان پاشای والی بەغداد ناونراوە (مەجید،2001: 19).

شوێنی جوگرافی شاری سلێمانی، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی باشوری کوردستان و باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق، زنجیرە چیاکان لە باکوری ڕۆژئاوا بۆ باشوری ڕۆژهەڵات درێژ دەبنەوە کە بەناوبانگترینیان بەرزاییەکانی (ئەزمەڕ) و (چیای گۆیژەیە) لە باکورەوە و بەرزییەکەی (1273م) لەسەر ئاستی ڕوی دەریاوە. بەرزی شاری سلێمانی لە ئاستی ڕوی دەریاوە (850م)، بەشێوەیەکی گشتی لێژاییەکی زۆر لەنێوان باکور و باشوری شاردا هەیە، لە ڕۆژهەڵاتیەوە بۆ ڕۆژئاوا بەرزایی و گرد و شیو دۆڵی زۆر تێدایە (حەسەن،2018: 6).

شاری سلێمانی مەڵبەندی بەڕێوەبردنی پاریزگای سلێمانییە، کە یەکێکە لە پارێزگا گرنگەکانی کوردستانی گەورە بەگشتی و هەرێمی کوردستانی باشور بەتایبەتی ئەم شارە بەسەر دەشتی شارەزوردا دەڕوانێت کە لەڕوی کارگێرییەوە ناوەندی لیواکەیە (شـــوانی،2002: 15). ئاووهەوای شـــارەکە دەکەویتە ژێر کاریگەری ئاووهەوای دەریای ناوەڕاست، بەجۆرێک هاوینی وشکە و زستانی سارد و باراناوییە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی لەئاســتی ڕوی دەریاوە، لەگەڵ ئەوەشــدا چیاکانی دەوروبەری شــارەکە بە درێژایی ڕۆژ خۆر لەهەمو ڕویەکیان نادات ئەمەش وای کردوە لەسەر هەندێ لوتکەی چیاکانی شاری سلێمانیدا، لە وەرزی زستاندا بەفر بەسەرییەوە بمێنێتەوە (حەسەن،2018: 7).

شاری سلێمانی چەندین شانازی مێژویی بۆخۆی تۆمار کردوە، لەوانە یەکەم چاپخانەکە لە کوردستان کاری کردوە لە شاری سلێمانی بوە، یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە باشوری کوردستاندا دەرچوبێ لەشاری سلێمانی بوە، یەکەم ســرودی کوردی لەشــاری ســلێمانیەوە بەرزبۆتەوە (ســاڵحەڕەشــە،1989، :10). جگەلەمانەش (کۆمەڵەی زانستی کوردان) لەساڵی (1926) لەلایەن کۆمەڵێک ڕۆشنبیرەوە دامەزرا لەوانە (ئەحمەدبەگی تۆفیق بەگ، ڕەفیق حیلمی). هەروەها (کۆمەڵەی لاوانی کورد) لە ساڵی (1923) لەلایەن (شاکرفتاح ومستەفا سائیب) دامەزرا. هەروەها کۆمەڵی (زەردەشــت) کە لەلایەن کۆمەڵی گەنجی ســلێمانیەوە لە ســاڵی (1926) دامەزرا (عەبدولرحمان،2016 :19).

ســەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری کە یەکێکە لە گرنگترین ســیماکانی فەرهەنگ وشــارســتانی نوێی هەر میللەت و گەلێک و بە بەشێکی پڕ بایەخ لە مێژوی هەمو نەتەوەیەک دادەنرێ، چونکە ئاوێنەی واقیعی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و ئاینی کۆمەڵگایە، لەشــــاری ســــلێمانی بۆ دوای جەنگی یەکەمی جیهانی (1914_1918) دەگەڕێتەوە، واتە لە دوای ڕوخانی حکومداریتی یەکەمی شــێخ محمود لەســـاڵی (1919 )دا، بەدەرکردنی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) بو لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، ئەمەش پاش ئەوەهات کە حکومەتی بەریتانیا لە چوارچێوەی دوبارە پێداچونەوە بەســیاســەتی خۆیدا، هەندی ڕێوشــوێنی گرتەبەر، لەوانە هێنانی چاپخانە بۆ ســلێمانی و دامەزراندنی یەکەم چاپخانە لەلایەن مێجەرســـۆنەوە، ئەمەش لەڕاســـتیدا بوبە دەروازەیەک بۆ دامەزراندنی ڕۆژنامەگەری لە ســلێمانی و بوژاندنەوە و گەشــەســەندنی فەرهەنگی و ڕۆشــنبیری کوردی. (کەریم،2010 :110).

لەچوارچیوەی ئەو هەوڵە ڕۆشنگەرانەدا لە ساڵی (1959) یەکەم ژمارەی گۆڤاری هیوای کوردستان لە شاری سلێمانی و لەلایەن یەکێتی قوتابیانەوە بلاوکرایەوە، ئەمەش دوای کۆتایهاتنی ڕژێمی پادشـایی هات لە سـاڵی (1958)، ئەم گۆرانە مێژویە بوە هۆی بەردەســـتبونی کەشــێکی ئازاد بۆ خەڵکی عێراق و چەندین گۆڤار و ڕۆژنامە بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرچون. ( [http://www.historyofkurd.com/2017/08/15/%D9%](http://www.historyofkurd.com/2017/08/15/%D9%)).

هەروەها یەکەم گۆڤاری هونەری کە لە ســـلێمانی دەرچوبێت گۆڤاری (هونەر)بوە، لەســـاڵی (1959) لەلایەن قوتابخانەی ناوەندی هونەری ناومالەوە بەشێوەیەکی وێنەدار ژمارە (1) دەرکراوە، دەستەی نوسەرانی بریتی

بون لە (نەسرین محمد، گێلاس ڕەئوف)، کە لەلایەن (لویزەی کاکەحەمە ئەمینی عەتار) سەرپەرشتی کراوە. دواتر کردنەوەی زانکۆی سلێمانی (1968) و کردنەوەی بەڕێوبەرێتی چالاکی هونەری زانکۆ لە سالی (1971)دا، هەولێکی دیکەیە بۆ سەر خەرمانی ڕۆشنبیری لەم شارەدا. جگە لەمانە یەکەم گۆڤاری منداڵان (گۆڤاری ئەستێرە) بو، لەسلێمانی لە سالّی (1972)دا، دەرچو، دواجار سالّی (1976)دا، یەکەم مۆزەخانەی ئیتنۆگرافی _فۆلکلۆری سلێمانی کرایەوە، تەواوی ئەمانەش شوێن پەنجەیان بەسەر بارودۆخی ڕۆشنبیری لەم شارەدا دیارە (قەرەداغی، 2011: 69،68).

## تەوەری یەکەم:

## ڕۆڵی ژن لە کایەی هونەری گۆرانی و مۆسیقادا لەنێوان ساڵانی(1975_1990)

هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی وەک هەمو هونەرێکی نەتەوەکانی تری جیهان سەرەتایەکی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام لەگەڵ دامەزراندنی تیپی مۆسیقای مەولەویدا[1] ، قەڵەمبازێکی گەورە بەسەر هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردیدا هات، لێرەوە وردە وردە هونەری مۆسیقا گەشەی کردو بەرەو پێش چو، تاوەکو وای لێهات کۆمەڵێ مۆسیقارو هونەرمەندی گۆرانیبێژی لە خۆگرت، کە زۆر سەرکەوتوانە ئاهەنگەکانی ئەو قۆناغەی شاری سلێمانی و ناوچەکانی دەوروپشتیان بە ئەنجام دەگەیاند. پاشان لە سالّی(1969)دا تیپی مۆسیقای سلێمای مۆڵەتی فەرمییان پێدرا، ئەو هەنگاوەش تاڕادەیەکی باش خزمەتی هونەری مۆسیقای کوردی کرد، ئەم تیپە هەر لەسەرەتای دروست بونییەوە ژنییشی لەخۆگرتوە وەک (سەمیرە نادر) وەک گۆرانیبێژ بەشدار بوە، هاوکات بەشێکیشیان لە کۆرسە مۆسیقی و هونەرییەکانی گۆرانیدا بەشدارییان پێدەکرا، ئەمەش بویە سەرەتایەکی باشتر بۆ بەشداری چالاکانە و ڕچەشکێنانەی ژنان لەکاری مۆسیقادا (حسێن، 2000 :5); (https://www.kurdipedia.org/default.aspx).

لەسالّی (1975)دا، (تیپی مۆسقای ئامادەیی سلێمانی کچان) بە هەوڵ و هاندانی بەڕێوەبەری ئەو کاتەی ئامادەیی سلێمانی کچان مامۆستا (گوزیدە قەفتان[2]) و بەهاوکاری مامۆستایان (خالد سەرکار و فەریدون دارتاش) دامەزرا (مامۆستا گوزیدە قەفتان،Jin TV). هەر بەشداری ئەو مامۆستایانەش بو لەو تیپەدا، کە بوە هاندەرێکی گرنگ بۆ خوێندکاران تاوەکو لەگەڵ مامۆستاکانیاندا بتوانن بەشداری چالاکییە هونەرییەکان بکەن، ئەوەیش فاکتەرێکی تری نهێنی سەرکەوتنی کارەکانیان بو (محمد،1993: 40). بەجۆرێک ئەو تیپە سەرجەم ئەندامەکانی ژن بون، ئەوەبو توانیان تەنها لە ماوەی دو سالّدا، چەندین بەرهەمی خۆیان لە سرود و گۆرانی و مۆسیقا لە شارەکانی سلێمانی، هەولێر، موسڵ و بەغداد پێشکەش بکەن، هاوکات چەندین کۆنسێرتیان لەو ڤیستیڤالانەی لەسەر ئاستی عێراق ئەنجامدەدران پێشکەشکرد. هەر هەمان تیپ لە ڤیستیڤالّی پەروەردە لە شاری بەغداد توانیان پلەی نایاب بەدەستبهێنن (جەزا،2005 :31).

سەبارەت بە پێکهاتە و ڕێژەی ئەندامانی تیپەکە دەتوانرێت بوترێت کە لەساڵی یەکەمدا (14) ئەندامی سەرەکی هاوڕێ لەگەڵ (20) کچیش بۆ کاری بەشداری کۆرسەکان بونیان هەبو(بڕوانە پاشکۆی ژمارە 1)، هاوکات سەبارەت بە چالاکییەکانیش بریتی بون لە: ڕێکخستنی ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا لە هۆڵی چالاکی قوتابخانەکان لە ڕێککەوتی( 9_12/کانونی دوەم/1975)، بەشداریکردن لە ئاهەنگی ڕۆژی جیهانی ژن لە (30/کانونی دوەم/1976)دا، هەروەها لە ڕێککەوتی (23/شوبات/1976)دا لە هاوینەهەواری شارۆچکەی دوکاندا بەشدارییان لە ڕێکخستنی ئاهەنگی نەورۆز و سەری ساڵی نوێی کوردیدا کرد، دواتر لە ڕێککەوتی (2/ئازار/1976)دا بەشداری ئاهەنگی (گوڵ) لە قوتابخانەی ئامادەیی سلێمانی کچانیان کرد جێگەی ئاماژە پێکردنە کە لە ساڵی دوەمی چالاکییەکانیاندا تیپەکە گەشەسەندنی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، بەجۆرێک ژمارەی ئەندامەکانیان ببوە (16) ئەندامی سەرەکی، جگە لەوەش لەڕوی چەندێتییەوە چالاکییەکانییان گەشەی کرد، لە گرنگترین ئەو چالاکییانەشدا، کە لە خولی دوەمدا بە ئەنجامیان گەیاندن، بریتیبون لە: ئاهەنگی قوتابخانەی ئامادەیی سلێمانی کچان لە ڕۆژانی 4_5/نیسان/1977) بەشدار بون، پاشان لە ڤیستیڤاڵی پەروەردەیی لە بەغدا کە لە ڕێککەوتی(13/نیسان/1977) دا ڕێکخرابو توانییان جارێکیتر پلەی نایاب لەسەر ئاستی عیراق بەدەستبهێنن، بەشداریکردن لە ئاهەنگی پەروەردەیی لە هەولێر کە لە ڕێککەوتی( 22/ئەیلول/1977)دا ئەنجامدرا. (حسێن،2000: 12).

بەگشتی لەپاش ئەنجامدانی کۆمەڵێک کار و چالاکی کە ڕۆڵی هونەرییانەی ژنیان لەو دەمەدا نیشاندەدا، دواجار پرسی هەندێک هۆکاری ناکۆکی خێزانی و کۆمەڵایەتی لەناو بەشێکیاندا و هاوکات وەرگیرانی بەشێکیتریان لە زانکۆ و پەیمانگاکانی عیراقدا، بونە هۆکاری لەبەریەک هەڵوەشانی تیپەکە. (حسێن،2000 :9_12). دەکرێت بوترێت مانەوەی ڕایەڵە چەقبەستوە کۆمەڵایەتییەکان و پاشماوەکانی نەریتی پیاوسالارانەش هۆکارێکیتری کاریگەریی سستبون و کۆتایی هاتن بو بە کارەکانی تیپەکە لەو قۆناغەدا. بەگشتی سەرنج و سیمایەکی نوی لە دەرهاویشتە و دەرکەوتنی ژنان هاتبوە ئاراوە، هەر لەسەرەتاوە بیروباوەڕی مامۆستا گوزیدە ڕۆڵیکی بەرچاوی بینی لەسەر ڕێکخستنی پرسی ڕۆشنبیری ژن و بەشداری و ڕۆڵی لەو کایەیەدا، لەم بارەوە دەڵێت: "هەبونی کچی کورد لەبواری مۆسیقادا کاریگەرییەکی باشی ئەبێت، چونکە هەمو لایەنێکی ژیان ئەگەر ڕەگەزی ژنی تێدا نەبێت، ئەولایەنە بەناتەواویی دەمێنێتەوە، کچ و کوڕ هەردوکیان ئەتوانن وڵات بەرەو پێشەوە بەرن و تەواوکەری یەکترین، بەتایبەتی هونەری گۆانی و مۆسیقا بەشێکی گرنگی ژیانە" (حسین، 2000 :25،24).

قۆناغێکی دیکەی ڕۆڵی ڕۆشنبیری و ڕەوتەقی هونەرییانەی ژنانی سلێمانی، بۆ دەسپێکی هەشتاکان دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی کاتێک لە ساڵی (1980) بڕوانە (پاشکۆی ژمارە 2) لەشاری سلێمانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان دەکرێتەوە، ئەم هەنگاوە وەک وەرچەرخانێکی دەگمەن لە ژیانی هونەری ژنانی سلێمانیدا ڕەنگدەداتەوە، چونکە بۆ یەکەمینجار ژن لە سلێمانی بەشێوەیەکی زانستی هونەریان خوێندو کاروچالاکی هونەرییان بە شێوەیەکی ئەکادیمی ئەنجامدا (حاجی،1989 :146،147). ئەوەیش بوە هۆکاری دەرکەوتنی

چەندین ژنی سەرمەشق لە بواری هونەردا، لە دیارترین ئەو ژنانەی ڕۆڵیان هەبو لە پێشخستنی کاری مۆسیقا و گۆرانی لە شـــاری ســـلێمانیدا، کە توانیان لە چەندین کاری هونەریدا جێدەســـتیان دیاربێت، یەکێک لەوانە هونەرمەند (ناسک حەسـەن محمود[3])ە. کە لە سـالانی(1984_1985)دا لە بەشـی مۆسـیقا بوەتە خوێندکار لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان، ئەو لەماوەی خوێندنیدا فێری ژەنینی ئۆکۆردیۆن بوە (مامۆستا ناسک حەسـەن، JIN.TV:2019).

بەگشـــتی پێنج ســـاڵی خوێندنی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان، بە ئاوازدانان و ژەنینی ئۆکۆردیۆن و چەند پارچە میوزیکێک لەژێر ناوی (کانی) و (ســاوێن) و (تارا)دا بەســـەر بردوە، هەروەها بەشـداری ڤیسـتیڤاڵ و چالاکی ســالانەکانی کردوە. ناوبراو بە هاوکاری هەریەک لە هونەرمەندان (مامۆسـتا ئەنوەر قەرەداغی و لارک لەتیف) کارەکانی ئەنجامداوە و دواجار بوەتە ئەندامی سەرەکی لە تیپی مۆسیقای سلێمانیدا (محمد امین،2013 :146). ڕۆڵی ناسـک حەسـەن ڕۆڵێکی بەرچاو کاربو لە کایەی هونەری و ڕۆشـنبیری لە شـاری سلێمانی چون هەبونی ژنە مۆسیقارێک و بەتایبەت ئامرازی ئۆکۆردیۆن بۆ ئەو قۆناغە سەرەتایەکی درەوشاوەبو. کردنەوەی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی سەرەڕای ئەوەی ڕەوتی هونەریی لە شارەکەدا پێشخست، لەهەمانکاتدا پاڵنەرێکیش بو بۆ برەودان بە تواناکانی ژنان. بەجۆرێک لەو قۆناغەدا ئەم پەیمانگایە هانی چەندین ژنیداوە تاوەکو فێری کاری هونەریی ببن و لە کاروانی مۆسـیقا و هونەری گۆرانی کوردیدا شـوێن دەسـتیان دیاربێت. بۆ نمونە (چیمەن حەسـەن محمود[4])، لە گۆرانی (لۆلۆ) لەگەڵ هونەرمەند مامۆستا کەریم کابان وەک گۆرانیبێژ ڕۆڵی بینیوە، کە بۆ ئەو قۆناغەی کۆمەڵگەی کوردی ئاڵنگارییەکی گەورەبوە، جگەلەوەش لە ســـاڵی( 1979)دا لە گۆرانی (غەزالێ بلێ غەزالێ)دا وەک کۆرس لە میهرەجانی ســاڵی پێنجەمی مۆســیقادا لە بەغداد بەشـــداری کردوە. هاوکات وەکو ژەنیارێک لە هەمو بەرهەمەکانی (تیپی مۆســـقای نەورۆزیشـــدا[5])، بەشـــداربوە، کە گرنگترینیان بریتی بوە لە کاســـێتی بەرهەمی گۆرانی مۆســـیقای منداڵان، بەم کارەشـــی خزمەتێکی گەورەی پێشـــکەش بە جیهانی منداڵانی کورد کردوە. هەروەها لەچەند چالاکییەکی تردا ڕۆڵی کارای وەک مۆســیقارێک هەبوە، وەک چالاکییەکانی (میهرەجانی ســـالانەی ســـلێمانی(1982_1983)، ئاهەنگەکانی تیپی مۆســـیقای سلێمانی). (حسین، 2000 :34).

ســـالانی (1975_1990) هونەری گۆرانی لە ســـلێمانیدا پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە، ئەوەش زیاتر لە چوارچێوەی هەســتی نیشــتیمانپەروەری و ســیاســیدا خۆیدەبینییەوە، چونکە بەهۆی ئەو بارودۆخە دژوارە سیاسییەی لەو کاتە هاتبوە ئاراوە، ڕوداوە سیاسییەکان ڕاستەوخۆ کاردانەوەیان هەبو لەسەر کاری هونەری، هەربۆیە ژنانی هونەرمەندی شاری سلێمانیش هەوڵیانداوە لە ڕێگەی گۆرانیەکانیانەوە گوزارشت لە بارودۆخە ناهەموارەکەی نەتەوەکەیان بکەن. یەکێک لەو ژنانە هونەرمەند (پەیمان عومەر[6]) بو، کە لە ڕێگەی چڕینی گۆرانی (چرا هەڵکەن) لە ئاوازی ئەنوەر قەرەداغی، لە ســـاڵی(1987)دا توانی ناڕاســـتەوخۆ باس لە زوڵم و زۆرداری دەسەڵاتی ئەوکاتی ڕژێمی عێراق بکات (ڕۆژنامەی ژیانەوە، ژ12، 1998، :10).

لەهەمان ساڵدا و لە ڤیستیڤاڵی ساڵانەی پەیمانگای هونەرە جوانەکاندا، بە هاوکاری بەشی مۆسیقا، گۆرانی (شانزە ساڵ چاوەڕوانی) و گۆرانی (ئازیز)ی وتوە. پاشان لە ساڵی( 1984)دا بە هاوکاری ئەنوەر قەرەداغی شەش گۆرانی بۆ ڕادیۆی بەغداد تۆمارکردوە، وەک گۆرانی (باخی دڵ، ڕەوشی شەوانم، مناڵینە، ئازیزەکەم، چاوەڕوانی، لیل ولاوە، سۆز)، جیا لەوەیش هەندێ بەستە و مەقام و گۆرانی تریشی تۆمارکردون، دواتریش کاری لەگەڵ هەردو تیپی مۆسیقای پیرەمێرد و نەورۆزدا کردوە. (محمد امین،2013 :151).

هەڵبەتە هەوڵە هونەرییەکانی ژنانی سلێمانی لەو قۆناغەدا تەنها لە کایە سیاسی و نیشتمانییەکاندا نەدەخولایەوە، بەڵکو شۆڕبونەوە بۆ نێو دونیای منداڵ و پەروەردەی تەندروستانەی منداڵی کوردیش. بۆ نمونە لە سالانی (1975_1980)دا، لە ڕێگەی وتنی گۆرانی منداڵان و بەتایبەت بەهۆی هەبونی تیپی مۆسیقای منداڵانی (پیرەمێرد[7]) لەو کاتەدا، یەکێک لەو ژنە هونەرمەندانە (ئاڵا عمر ابراهیم[8])، چەندین گۆرانی بۆ منداڵان چڕیوە و جیا لەوەیش سەردانی شارەکانی عێراقیان کردوە، بەتایبەتی لەگەڵ تیپی مۆسیقای منداڵانی پیرەمێردا. ژنانی هونەرمەندی سلێمانی ڕۆڵی کاریگەریان هەبو، بۆنمونە لە دیارترینی ئەو چالاکییانەدا وەک گۆرانیبێژ و ژنانی ژەنیاری فلود بەشدار بون. بەگشتی گۆرانییە تۆمارکراوەکانی ئەو دەمەش بریتیبون لە: گۆرانییەکانی (بەفر بارین، جریوە، چۆلەکە، بەبە، ئەی نیشتمانم، دڵی سپی، ئەی تۆپەکە، دوا بڕیار). هەروەها لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانیشدا بەشداربون لە گۆرانی (خاکی شیرین، زەماوەند، قاعەی خولە)، هاوکات وەکو کۆرسیش کچانی سلێمانی ڕۆڵی بەرچاویان لە گۆرانییەکاندا گێڕاوە (حسین، 2000 :37).

دەتوانرێت بوترێت ڕۆڵی ژنانی هونەرمەندی سلێمانی لەو قۆناغە دیاریکراوەدا، تەنها ئاوڕدانەوە لە هونەری گۆرانی و مۆسیقا نەبوە، بەڵکو لەپاڵ هونەرەکەدا پەیامی پێکەوەیی و نیشتمانی و هەڵوێست وەرگرتنیان لە هەمبەر نەیارێتی ستەم و نادادی و پەروەردەی نەوەیەکی هۆشیار نیشانداوە.

## تەوەری دووەم:

## ڕۆڵی ژن لە شانۆ و درامادا لەنێوان ساڵانی (1975_1990)

هونەری شانۆ، هونەری گواستنەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکانە بۆ نێو خەڵک و کۆمەڵگە، هاوکات گوزارشتە لە بیروڕا و ئاریشەکانی کۆمەڵ، هەربۆیە شانۆکار و نوسەری دەقی شانۆیی دەتوانێت لە ڕوانگەی شانۆکەیەوە ئامانجەکانی بەدیبهێنێت. چونکە شانۆ ڕەنگدانەوەی کێشەو گرفتە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵ و پرسی مرۆڤبونە (ئاواز، 1993 :6).

شاری سلێمانی هەر لە کۆنەوە مەڵبەندی ڕۆشنبیری و سەرچاوەی بەخشینی هونەر و ئەدەبیات بوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکار وهاندەری خودی و بابەتی کە ئەو هۆکارانەیان خوڵقاندوە. یەکێک لەو هۆکارانە لە شاری سلێمانیدا کردنەوەی (کۆمەڵەی زانستی کوردی) بو لە ساڵی (1926)دا، چونکە جموجوڵی چالاکی ئەو کۆمەڵەش تاوەکو ماوەیەکی زۆر لایەنی بیرو ئەندێشەی ڕوناکبیریی کوردیان پێشخستوە. ئەم

کۆمەڵەیە لەسەرەتای دامەزراندنییەوە هانی چالاکی شانۆیی داوە، چونکە وایدەبینی شانۆ لە ژیانی کۆمەڵ و چاوکردنەوەی خەڵکیدا ڕۆڵی گرنگی هەیە (بەرزنجی،2007 :37). هەروەها شانۆ یەکەم جۆرە لە جۆرەکانی هونەر لە کۆنەوە لەلایەن زۆربەی گەلانی دونیا وەک بەشێکی گرنگی هونەر ناسراوە، هاوکات ڕۆڵێکی گەورەی گێراوە لە کاریگەربونی چەندین هونەری هاوچەرخ، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندیان بە بواری هونەری نواندنی تەلەفزیۆن و سینەماوە هەیە (ئەحمەد،2018 :8).

شانۆ لە قۆناغە جیاوازەکاندا هەمیشە بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ هەڵگری مانای سیاسی و کۆمەڵایەتی بوە، بەتایبەتی لە پێش گرنگیدان بەلایەنە هونەرییەکانی خۆی، واتە پێش ئەوەی پەیامێکی هونەری هەبێت پەیامێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەبوە، هەر لە بڵاوکردنەوەی خوێندەوارییەوە تاوەکو دەگاتە دەستنیشانکردنی پرسی ژنان و ڕوبەڕوبونەوەی داگیرکەران و دەرەبەگ و چەوسێنەرانی ناو کۆمەڵگە و جیاوازیە چینایەتییەکان، واتە شانۆ لە چالاکی سادەی قوتابخانە و گەڕەک و بۆنەکانەوە گەشتوەتە دامەزراندنی تیپی شانۆیی. دواتر کردنەوەی پەیمانگای هونەرەجوانەکان بەشی شانۆیی و پێشکەشکردنی شانۆنامە ناسراوە هونەرییەکانی دونیا بەرجەستەکەری ئەم پێشکەوتنە بون (بەرزنجی،2007 :37). دەبێ ئە ڕاستیە لەبەرچاوبگرین، کە بۆ یەکەمجار هەوڵدان بۆ نواندن و کاری شانۆیی لە شاری سلێمانی لە چوارچێوەی قوتابخانەکاندا سەریهەڵدا و پەرەیسەند (میرزا،2011 :11).

شکستی شۆڕشی کورد لە ساڵی (1975)دا، کاریگەری خراپی لەسەر هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی کورد بەجێهێشت، لەم میانەدا هونەرمەندانی بواری شانۆیش ڕوبەڕوی توندترین بەربەستی کارو چالاکی ئازادانە بونەوە، بەڵام ئەم دۆخە زۆری نەخایاند، تاوەکو لە ناوەڕاستی ساڵی (1975) دا جارێکیتر بزوتنەوەی شانۆ و چالاکییە هونەرییەکان دەستی پێکردەوە، هەربۆیە چەندین بەرهەمی شانۆ و شانۆگەریی پێشکەش کران، لەم نێوەندەشدا ژنانی شاری سلێمانی بەتوانا و تێرامانێکی هونەریانەوە هاتنەوە سەرشانۆ، بە جۆرێک ڕۆڵی ژنان بە بەراورد بە هونەرمەندانی شانۆکاری پیاوان زۆر زیاتر دەرکەوت، هۆکارێکی دیکە کە بوە هۆی پێشکەوتنی هونەری شانۆگەریی لەو قۆناغەدا، تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت بو لەلایەن میرییەوە بۆ تیپە هونەرییە مۆڵەتپێدراوەکان (عەبدولڕەحمان،2012: 91). ئەوەبو چەندین دەقی شانۆیی و شانۆگەریی کاریگەر نمایشکران، بۆنمونە هەر لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردودا، شانۆگەری (گوڵە مێخەک) لە دواناوەندی گەلاوێژی کچان ڕۆڵیان تێدا بینی، یەکەمجاریش بو لەم شانۆگەریەدا ژن بتوانێت ڕۆڵی پیاو ببینێت بە پێچەوانەی پێشوترەوە کە پیاو ڕۆڵی ژنی دەبینی. (خەزنەدار، 2017: 200).

لە ساڵی (1983)دا لە پارێزگای سلێمانی لە ڤیستڤاڵی ساڵانەی شانۆییدا، دو بەرهەمی شانۆ بە ناوەکانی (وێرانە) لە نوسینی (یوسف ئەلعانی) و دەرهێنانی (زاهیر مەحمود) نمایشکران، لەم شانۆیەدا قوتابیانی ئامادەیی سلێمانی و خانزادی کچان لەگەڵ چەند خوێندکارێکی پەیمانگای هونەرە جوانەکان هاوبەشیان تێدا کرد و لەسەر تەختی شانۆی ئامادەیی سلێمانی تاوەکو ڕۆژی (14/نیسان/1983) نمایش کران. هەریەک لە

(شـەهلا سـالح حسـێن)، (میدیا ڕەئوف)، (ڕوناك حەمە ڕەزا)، (شـەونم مەحمود) ڕۆڵیان تێدا بینی. هەروەها شانۆگەریی (ئەنتیگۆنا)ی (ژان کۆکتۆ)یش نمایشکرا، لەم شانۆگەریەدا قوتابیانی ئامادەی کوڕان و کچان ڕۆڵی سەرەکییان بینی (خەزنەدار،2017: 200).

بەگشـتی ئەم چالاکییانە دەرخەری ئەو ڕاسـتیەن کە ژنان لەڕێگەی چالاکی قوتابخانەکانەوە چونەتە سـەر تەختی شـانۆ و کاری نواندنیان ئەنجامداوە، لەو میانەدا چەند ژنێکیش ناوبانگی هونەری خۆیان پێشـخستوە، بۆنمونە لەو ژنانەی کە ڕۆڵیان بینیوە لە پێشخستنی شانۆ لە قوتابخانەکاندا (بەدیعەدارتاش[9]) دیارترینیان بوە، ئەو توانیویەتی لە سـاڵی (1975)دا کاری دەرهێنان بۆ ئۆپەریەتی (کۆتا زۆردار) بکات و بتوانێت پلەی یەکەم لەسەر ئاستی هەمو عێراق بەدەست بهێنێت (خەزنەدار،2017: 211). هەروەها لەو ماوەیەدا لە قوتابخانەکاندا ئامادەیی هونەری هەبوە، هەربۆیە لە ڕێگەی ئامادەکردنی قوتابیانی کوڕ و کچی کوردەوە کۆمەڵێک چالاکی سەرکەوتویان لە بۆنە و ئاهەنگەکان لە سلێمانی و بەغداد پێشکەشکردوە (ساڵح، 2001: 37). هەر لەم ساڵەدا و لە ڤیسـتڤاڵی سـاڵانەی قوتابخانەکاندا شـانۆی (فیتروک) لە نوسـینی (میکانت فێری) لە دەرهێنانی بەدیعە دارتاش نمایشکردنی دەنگدانەوەی زۆری هەبو. (عبدولرەحمان،2016: 92).

جیا لەوەیش بەدیعە دارتاش یەکێک بوە لە دەستەی دامەزرێنەری پەیمانگەی هونەرە جوانەکان کە لە (3 تشرینی1980)دا، لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی عێراق و ئێراندا کارەکانی خۆی دەسپێکردوە، بەمجۆرە بۆماوەی 14 ساڵ وەک مامۆستا و سەرۆک بەشی شانۆ مایەوە(بەدیعە دارتاش؛ دایکی شانۆی کوردی https://mewdamedia.com/articles/23558?fbclid=IwAR3j05qu5v3IvjYzCDqHiVrxrLH0e

شـانبەشـانی کاری بەڕێوەبەرایەتی بەش لەو سـاڵانەدا، لەم بەرهەمە شـانۆییانەدا بەشـداریکی سـەرەکی بو، لەوانە: شـانۆگەرییەکانی (هاوڕێیان، نەخشـەی خوێناوی، بزەیەکی توراو، ئاهەنگی زەوی، پەیکەر، ئۆپەریتی گوڵی خوێناوی، لە خۆبایی بون، نێرگز بوکی کوردسـتان، شـەڕی بەردەکی سـەرا، سـەرکەوتن)، (محمد امین،2013: 111،112).

لێرەدا ئەوەی جێگەی سـەرنجە ناوەڕۆکی شـانۆگەرییە کوردییەکانە کە مۆرکی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ڕۆشـنبیری و پەروەردەییان وەرگرتبو، هاوکات زۆر بەسـەرهات و ڕوداوی دڵتەزێن و کارە سـتەمکارییەکانی داگیرکەرانی کوردسـتان، لەوانە پرسـەکانی (تالانی، ئەنفال، بەندیخانە، داپلۆسـین، خۆڕاگری، نەبەردی، بەرخودانی خەڵکی کورد) کراونەتە شـانۆ و کاری نواندن. (تاهیر، 2018: 216) هاوکات هەر لەو ماوەیەدا شـانۆ ئەرکێکی کۆمەڵایەتی هەبو، لە ڕێگەی شـانۆوە هەرچی لە ناخیاندا هەبو دەریاندەبڕی، بۆ وێنە یەکێک لەو ژنە چالاکانەی توانی لە ڕێگەی کارە شانۆییەکانییەوە لە ناخی ژن بدوێت و هەست بە ئازاری ئەو دایکانە بکات کە لە ڕێگەی ڕژێمی بەعسەوە زارۆکانیان ببونە قوربانی، هونەرمەند (گەزیزە عومەر[10])ە. ناوبراو بواری شانۆی بە یەکێک لە بوارەکانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی وێنادەکرد، لەم بارەیەوە دەڵێ:" شانۆ ئەو جیهانە فراوانەیە خەونەکانی تێدا دێتە دی و پیرۆزترین پەیامە بۆ شانۆکاران" (عەلی،1999: 8).

هەربۆیە گەزیزە عومەر دەیویست لە ڕێگەی شانۆگەری (دارتوەکە)سالّی( 1989)دا، لە ناخی ژن بدوێت، چونکە دایکی تاکەکەسایەتی نزیک و جەرگ سوتاوبو، هاوکات (ئاوات)ی برای شەهیدکرا بو، بۆیە لەژێر کاریگەری ئەم ڕوداوە دەقی شانۆکەی خۆی نوسی، ئەوەبو لە ناوەڕۆکەکەیدا ڕەنگدانەوەی ئەو ڕوداوە تراژیدیانەی لێکەوتەوە و بینەرێکی زۆری هەبو، هەربۆیە لە بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی سلێمانییەوە (مديرية الامن فی السليمانية) هەڕەشەی توندی لیکرا، تاوەکو دواجار برایە (ئەمنەسورەکە)، لەوێ (بەرێوەبەری ئاسایش) بەڕاشکاوی پێی وتبو" تۆ باس لە براکەت دەکەیت، دەتەوێت لەڕێگەی شانۆوە خەڵک چەواشەبکەیت" (سوبحان،2007 :46،45). دیارە بارودۆخی سیاسی لەو قۆناغەدا تاڕادەیەک ببویە ئاستەنگ لەبەردەم بەرەو پێشچونی زیاتر کارە هونەرییەکان و ڕۆڵبینینی ژنانی شارەکەدا، بۆنمونە گەر گرفتێک بەسەر خانەوادە و کەسوکاری هونەرمەندێک بهاتایە، ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی لەسەر کارە هونەرییەکانیش بەجێدەهێلا، لەم بارەیەوە هونەرمەند لە (1/تشرینی یەکەم/1984)دا، لەماوەی چوارسالّی خوێندنی لەئەکادیمیای هونەرەجوانەکان سێ کاری شانۆی بە زمانی عەرەبی کردوە، کە بریتیبون لە (الضفادع)ی ئەرستوفاینس کە دەرهێنەری د.عقیل مهدی بو، هەروەها (فتاة من سن الزواج) و (الحارس). (سوبحان، 2007 :38،39).

کاری مۆنۆدراما کارێکی ئاسان نەبوە بەڵام گەزیزە یەکەم هونەرمەندی کورد بوە، مۆنۆدرامای دەرهێناوە، لەنواندنی خۆشی بوە، ئەویش لەدو ئەزموندا: یەکەمیان لەسالّی (1978) (سرودی خۆشەویستی) لەوەرگێڕان و دەرهێنان و نواندنی خۆی بوە، لەبەغداد و سلێمانی و هەولێر نمایشکراوە، دوەمیان شانۆی (دارتوەکە) لەسالّی 1989 ئەویش لەنوسین و دەرهێنان و نواندنی خۆی بوە. دەستبردن بۆ کارێکی لەم جۆرە ڕۆڵی ژنی لەبواری شانۆدا چەندین هەنگاو بردە پێشەوە (شیرین کاف،1997 :7).

لەبواری نواندنی تەلەفزیۆنی وەک ئەکتەر لەبەرهەمەکانی (خوا لە سوڵتان محمود گەورەترە، گەزی چی وجاوی چی، خەوەکەی مامەلی، گۆرهەڵکەن، خانمی مەکرباز، بوکە بەبارانێ، پژمین، پێلاوی سور) ڕۆڵی گێراوە. لەهەمو ئەو ڕۆڵانەدا سەرکەوتو بوەو توانیویەتی ڕۆلێکی کاریگەری لەسەر شانۆ لە سلێمانی و بەتایبەت شانۆی ژن هەبێت چونکە ئەم ڕەچە شکاندنە قوربانی دەویست لەو دەمەدا. بەم کارەشەوە نەوەستاوە لە ڕادیۆیی کوردی کاری لەسەر تۆمارکردنی زیاتر لە (11) چیرۆک وئەڵقەی درامای کردوە (حاجی،1989 :158).

سەبارەت بە دراما دەتوانین بڵێن ئەو کارە ئەدەبیە یا هونەرییە کە ڕوداوێک لەشێوەی چیرۆکێکی درامایدا بەشێوەی دایلۆگ دادەڕێژێت، مالیجەی دۆزێکی هزری و مرۆڤانە و بارێکی کۆمەلایەتی دەکات (هەورامی،2001 :292). لە کۆمەڵگەی کوردیدا، مەسەلە کۆمەلایەتییەکان هەمیشە هەوێنی کاری تەلەفزیۆنی بون، بەو پێیەی تەلەفزیۆن میوانی هەریەک لە تاکەکانی کۆمەڵگەیە و بایەخی گەورەی هەیە بۆ هۆشیاری و چاکسازی کۆمەلایەتی، بۆیە دەکرێت دراماکان ببنە سەرچاوەیەکی گەش بۆ گۆڕانکاری کۆمەلایەتی کە درەنگتر دەسەلات و پارتە سیاسیەکان پێدەگەن (بەرزنجی،2009 :63). سەرباری ئەمانەش سەبارەت بەو

مێژوە و لە ساڵی (1975) بەدواوە مۆڵەتدان بە کاری دراما زۆر گران بو، چونکە تەلەفزیۆنی کەرکوک ڕێگری زۆری بۆ هونەرمەندان دروســـت دەکرد و چەندین بەرهەمی درامی و بیرۆکەی جوانی بەبیانوی نابەجێ ڕەتدەکردەوە چونکە دەیانویست نوسەر و ڕوناکبیران تەنها دەربارەی سەدام و بەعس بنوسن (کەریم،2009 :93).

هەر بەزوی ژن هەوڵیدا لە کاری دراما و نواندنا بەشـــداری بکات و ڕۆڵ ببینێت، هونەرمەند (عەتیە محمدئەمین[11]) توانی ڕۆڵێکی دیار و بەرچاو ببینێت و نازناوی خاتونی شـــاشـــەی کوردی وەرگرت، چونکە لەچەندین بەرهەمی درامای تەلەفزیۆنی کاری نواندنی کردوە. لەساڵی (1970)دا لە بەغداد وەک ئەکتەر لەگەڵ تیپی قوتابیانی هونەر، تیپی هاوڕێیانی گەزیزە، تیپی هونەری ئەحمەد دەنگ گەورە بەشـــداری کردوە (حاجی،1989 :155). بۆپێشـــکەش کردن و تۆمارکردنی (گەزی ژی وجاوی چی)، (خوا لەســـوڵتان مەحمود گەورەترە)، (نەفرەت لێکراو)، (کاوەی ئاســـنگەر). لەبەرهەمەکانی تری کە بەشـــداری تێدا کردوە (نەفرەت لێکراو1976، ڕێزانی نوســـەر درامایەکی تەلەفزیۆنی بو1977، ئیتر تورەنابم1980، بوکی ژێردەواری ڕەش1984، بەنرخترین دیاری1984، چیرۆکی مام فەتاح1985، من لەپێشـــترا مردم1985، خەوی خۆش1989، دڵنیایی1985، شانزە زنجیرە بۆ ڕەمەزان1982). (محمد امین،2013 :118).

گەرچی زۆر کاتیش دەسەڵاتی سیاسی حکومڕان و کەلتوری کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی ئاینی ئەو مافەیان لە ژن سەندۆتەوە و دەریان هێناوە و دوریان خسۆتەوە لە بەشداریکردنی لە هونەری شانۆ و نواندنا. بەڵام ژن توانیویەتی ڕۆڵی کارای خۆی لەوهونەرە مەزنەدا دەربخات و بخاتە ڕو. (قەرەداغی، 2002 :4). دەبینین ئازارەکانی ژن و بەربەستەکانی بەردەم کاری نواندن و هونەر و ڕۆشنبیری بۆ ژن هێجگار زۆربون. هەروەک هونەرمەند (بەیان زەریفی[12]) ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێت" ژنان نەیاندەتوانی لەماڵەوە بێنەدەرەوە و زۆربەی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگە پیاوان بەڕێوەیان دەبرد، تەنانەت هونەریش، بەڵام من بەربەســـت و ڕێگریەکانم شکاندو ئەو کارەم کرد (زیبا،2020 https://politicpress.com/2542/?fbclid= )

لە دیارترین ئەو کارانەی (بەیان زەریفی) ئەنجامیداوە لەو شـانۆگەریانە بەشـداری تیاکردوە و ڕۆڵی بینیوە بریتییە لە شـــانۆی (ئەفجینا لەئۆلیس1982، وێرانە1983، ســـەلەی نان 1983، میراتی1984، یولیوســـی قەیســـەر1984، لەڕێگای گشـــتیدا1984، گۆرانی چایکا1985، تەڕوادەیەکی تر1985، بەرەوخۆر1985، داستانی بەختیاری1986، شانۆی شار 1987، حەمەدۆک ساڵی1988). هەروەها کاری تەلەفزیون ودراما (زنجیرە ڕادیۆی داستانی مەم و زین لەساڵی 1984_1985، چیرۆکی تەمسیلی (مام فەتاح1985، چیرۆکی تـەمسـیـلـی مـن لـەپـێشـــتـردا مـردم ســـاڵـی (1985 ئـەنـجـام داوە. (https://kurdshano.ir/%DA%98%DB%8C%D8%A7%D9%86-).

هەروەک باســـمان کرد نواندن بۆ ژن کارێکی ئاســـان نەبوە، لەو بارەوە هونەرمەند بەیان محمود عەلی کە ناســـراوە بە (بەیان بۆمبا[13]) لەو باوەڕەدایە، نواندن بۆ بۆمبا کارێکی هەروا ئاســـان نەبوە، بەڵکو وەک هەر

ژنێکیتر ڕوبەڕوی ئاستەنگیەکانی کۆمەڵگا بوەتەوە، وەک خۆی دەڵێت: "بۆگەیشتن بە ئێستا شۆڕشی کردوە". ئەو پێوایە کۆمەڵگە دانی نەناوە بە توناکانی ژندا و هەڕەشـــەی لێکراوە، هەروەها پێوایە کە بینەری شـــانۆ لەســـەردەمی ڕژێمی پێشـــو زیاتر بوە، چونکە هەســـتی نەتەوەیی و نیشـــتمانی زاڵ بوە بەســـەر خەڵکدا. (چاوپیکەوتنی توێژەرلەگەڵ بەیان بۆمبا، 2022/8/23: سـلێمانی). هۆکاری ئەمەش بە تەنها هەبونی هەسـتی نیشتمانی نییە بەڵکو سەرچاوەکانی بینین کەم بوە لەو کاتەدا چونکە بەتەنها دو تەلەفزیۆن و کەناڵی تەلەفزیۆن و چەند ڕۆژنامەیەک و گۆڤارێک هەبون بەلام لە ئێستا چەندین ئامرازی تەکنەلۆجی وەک مۆبایل و سەتەلایت ...تد هەن. بەیان بەگشـــتی لە85 کاری شـــانۆی ودراما و فیلم بەشـــداری کردوە لەوانە (گەڕان بەدوای دەسـتگیرانداری، مێوژی بەرخۆر، هێشـتا قسـەکانمان تەواونەکردوە، میراتی، موختارو ژنانی گەڕەک، قەرەج... تـد). بـەیـان هـەمـو ژیـانـی تـەرخـانـکردوە بۆ نیشـــانـدانـی ڕوی جوانـی شـــانـۆ (مـەحـمـود، (https://rojnews.news/%DA%A9%D9%84%:2020.

لەو دەمەدا فۆرمیک لە شـــانۆ پێشـــکەش دەکرا کە دژی چینی دەرەبەگ بو، پشـــتگیری چینی چەوســـاوە و جوتیاری دەکرد لەم نێوەندەدا ئەحمەدســـالار لەشـــانۆگەری تەنەکە لەنوســـینی (یەشـــارکەمال) ڕۆڵی داپیرە زەینەبی بە نەرمین قادر دا، کە دژی دەرەبەگ دەوەستایەوە. سەرکەوتنی بەدەستهێنا لەسلێمانی و بە نەرمینی تەنەکە ناســـرا. (نەرمین قادر[14])، ئارەزوی گۆرانی وکاری نواندن هەبوە، لەڤیســـتیڤاڵەکان و بۆنەی نەورۆز و لەبۆنەی قوتابخانەکاندا بەشـــداری کردوە، یەکەمین کاری ســـاڵی 1975 (شـــانۆی قوتابی دواکەوتو)، دایکی قوتابی دواکەوتوبو (نەرمین قادر،2016 https://www.youtube.com/watch?v=tlNNzMzK930).

ئەم بوێری و ڕەچەشکێنییەی ژن لە سلێمانیدا، ڕێگەخۆشکەر بو بۆ بەشداری ژمارەیەکی تر لە ژن لەبواری نواندندا، تا دەهات ڕێژەی ژن لەبواری هونەری و ڕۆشـنبیریدا ڕو لەزیادبون بو، دەتوانین نمونەی چەند ژنێک باس بکەین و کارەکنیان بخەینەڕو وەک: (ژیان ئیبراهیم خەیات[15]) لەماوەی تەمەنی هونەری تائێستا بەشداری لەچەندین شـــانۆ و دراما و کورتە فیلمدا کردوە، لەوانەش زیاتر لە 30 شـــانۆ و 20 دراما. دەربارەی گرنگی بەشـداری ژنان لەبواری هونەردا ژیان دەڵێت: "چۆن پیاو و ژن لە هەمو بوارێکدا تەواوکەری یەکترن بەهەمان شـــێوەش هونەر بێ بەشـــداری ژنان ئەنجامێکی بەهێزو کاریگەری لێ بەرهەم نایەت و جوانیەکەی لەوە دایە جـێـدەســـتـی ژنـان لـەهـونـەریشـــدا ڕەنـگـدانـەوەی هـەبـێـت (ئـەزمـونـی هـونـەری، (https://rojnews.news/%DA%A9%D9%84%D8%AA%D9%88%D8%B1-%D9%88.

هەر لەو دەمەدا هونەرمەند (پەروین محمد) دەرکەوت، لەســـاڵی (1989) دەســـتی بەکاری نواندن کردوە، لەســـەردەمێکدا کاری کردوە کەدەرکەوتنی ژن کەم بوە. لەبەر خۆشـەویسـتی بۆهونەر گوێ بەقسـەی خەڵک نەداوە و هاوســـەرەکەی بۆ کاری هونەری هاوکاری کردوە، لە (بلوێرەکەی وەیس شـــوان، زاخاوی ڕەش، لەدایک بونێکی نوێ، سەروەتەکەی فەیزە) بەشداری کردوە (نادر،1999: ل8).

یەکێکتر لەو هونەرمەندانەی کە ڕۆڵیان هەبوە (شـــادان فوئاد)، ناوبراو یەکێک بو لەو خوێندکارانەی کە دەرچوی ئەکادیمیای هونەرەجوانەکان بەشـــی شـــانۆ بو، هۆگری مامۆســـتاو دەرهێنەر (بەدیعە دارتاش) بو. شادان بوە ئەکتەر و بەشداری شاکەرەکەی شکستپیر (بازرگانی ڤینسیا)کرد، دواتر کارە شانۆییەکانی بریتی بون لە: ژیانی گالیلۆ 1987، گەلەگورگ1988، کۆشـــک1989، فاوســـت1989، باڵندەی دەریا1989، شـــالیر1990. لە هەردو زنجیرە درامای (گوڵاڵە) و (خاتوکلاو زەڕ)، پاڵەوان و ئەکتەر بوە، ســـاڵی 1990 لەفلیمی (نێرگزبوکی کوردستان)دا، دەرهێنەری (مامۆستا جەعفەر علی) ڕۆڵی بینیوە (بەرزنجی، 2003: 7).

## تەوەری سێیەم:

## ڕۆڵی ژن لە هونەری شێوەکاریدا (1975_1990)

هونەری شێوەکاری لەباشوی کوردستاندا تەمەنێکی هێندە دێرینی نییە، تاکو بتوانرێت قۆناغەکانی و ستایل و جۆری ئەو ماتریالانەی کە بەکارهێناوە بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی کارکردنی ژنە شێوەکاران دیاری بکرێت، بەڵام لەڕابردودا ژنان هاوکاری هەمو ئەو کارە سیرامیکیانە بون، کە پیاوان بۆ پێداویستی ژیان، یاخود بۆجوانی ئەنجامیانداوە، هەروەها هۆکاربون بۆ جوانکردنی ماڵ و نەخشاندنی چەندین کلێشە و هێمای تایبەت لە جلوبەرگ و پێداویســـتییەکانی تری ژیانیان کە هەمویان هەڵقوڵاوی هزری ژنەکان خۆیان بون. باشـــوری کوردســـتان خاوەنی چەندین ژنە شـــێوەکاری دەســـت ڕەنگینە لەســـەر ئاســـتی جیاواز کە بەشـــێکیان لەو شـــێوەکارانە خۆرســـکانە کاری شـــێوەکاریان کردوە بەشـــێکی تریشـــیان بە شـــێوەیەکی ئەکادیمی هونەری شێوەکاریان خوێندوە. شاری سلێمانی یەکێکە لەو شارە سەرەکیانەی باشوری کوردستان کە زۆرترین ژنە شـــێوەکاری لە خۆگرتوە (ســـەعید، 2011 :6، 8). ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە ســـاڵانی شـــەســـتەکانی ســـەدەی ڕابردو لە شـــاری ســـلێمانی خوێندنگەیەک هەبو بە ناوی (فنون البيتية) ئەم خوێندنگەیە لەســـاڵی (1962)دا، دامەزرا. بەشـــەکانی لە ســـەرەتادا بریتیبون لە بەرگدرون و پەروەردەی منداڵ. بەڵام لە ســـاڵی (1968)دا بەشی شێوەکاری تێدا کرایەوە، دوای سێ ساڵ یەکەم خولی دەرچونیان بە ئاکام گەیشت. مامۆستا علی جوڵا یەکێک بو لە مامۆســـتاکانی ئەو خوێندنگەیە، وانەکانی مێژوی هونەر، ســـیرامیک، نیگار کێشـــانی تێدا وتوەتەوە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە کۆمەڵێک لە هونەرمەندانی شـــاری ســـلێمانی لە بەغداد پەیمانگا و کۆلێژی هونەرییان تەواو کرد و بونەتە پێشڕەوی هونەری شێوەکاری (سەعید،2019: 22).

لەو هونەرمەندانە (گوڵنار لاوە) لەساڵی (1977)دا، یەکەمین پێشانگای تایبەتی لەهۆڵی ئامادەی کوردستانی کچان کردۆتەوە، لە ســـاڵی (1978)دا ، دوەمین پێشـــانگای تایبەتی لەهۆڵی ڕۆشـــنبیری زانکۆی ســـلێمانی لە (1984) ســـێیەمین پێشـــانگای لە ڤیەننا و چوارەم پێشـــانگای هەر لە ڤیەننا کردۆتەوە، (1979)دا، بەشـــداری پێشانگەی هاوبەشی هونەرمەندانی کردوە .(سەعید،2021، :130).

ژمارە و ستایلی کاری ژنە شێوەکارەکانی شاری سلێمانی وادەکات کە وەک تەوژمێک ببینرێت بەدەرکەوتنی کارەکانی (بێگەرد نوری، شەمسە فەقێ، ناجیە تۆفیق) دەستپێکرد، ئەمەش بەتایبەت لەدوای کردنەوەی پێشانگای شێوەکارانی کورد لەهۆڵی کۆمەڵەی هونەرمەندانی عێراقی لەساڵی (1974)دا، ئەم شێوەکارانە خۆڕسکانە کاریانکردوە و مامۆستای هونەربون و بۆماوەیەکی دیاریکراو درێژەیان بەکاری هونەری خۆیان دا، بەڵام تەنها ژنێک لەم گروپەدا کە تا ئەمڕۆ بەردەوامە لەکاری هونەری خاتو (ناجیە تۆفیق)ە. ناوبراو تا ئێستا کاری سیرامیکی سارد دەکات و دنیایەکی تایبەتی لەکەسایەتی و ڕەنگ نیشاندانەکانیدا هەیە، هەرچەندە تا ئێستا پێشانگایەکی تایبەتی نەبوە، بەڵام زیاتر لە 30 پێشانگای هاوبەشدا لەشارەکانی (سلێمانی، ناسریە، هەولێر، دهۆک، بەغداد) بەشداریکردوە. (سەعید، 2021: 133).

لەساڵی (1980)دا، پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی دەکرێتەوە و دەبێتە گۆڕپانی هونەری شێوەکاری. نەک بەتەنها لەشاری سلێمانی بەڵکو کاریگەری لەسەر شارەکانی (هەولێر، دهۆک، کەرکوک) بەجێهێشتوە. ئەم پەیمانگایە لەو شێوەکارانە پێکهاتبو، کە پەیمانگە و ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدادیان تەواوکردبو، مەودای فێربون و ئاشنابونی کوڕان وکچانی ئارەزومەندانەی هونەری شێوەکاری کوردی زیاتر کردبو، خوێندکارانی خولی یەکەمی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی (73) خوێندکاربو، (31) لە خوێندکارەکان کچ بون (سەعید، 2019: 23) بڕوانە پاشکۆی ژمارە(2). هەر لەم ساڵەدا هونەرمەندی شێوەکار زیاتر فۆرمی ئیشەکانیان بەڕەمز دەکێشا، بابەتەکانیشیان شۆڕشگێڕی و سیاسی بو. (عومەر،2021 .(http://cultureproject.org.uk/kurdish/zero-art-interview-with-saman-:

لەو ژنانە هونەرمەند (بێگەرد عوسمان حەسەن[16]) کە لەفیستیڤاڵی هەر پێنج ساڵەی پەیمانگە (1982_1989)دا، بەشداربوە، دواتر لە پێشانگایەکی شیعر و ڕەنگ لە گەلەری سلێمانی (15/کانونی یەکەم/1987)، دواتر پێشانگای هاوبەشی هەرسێ هونەرمەند بێگەرد مەریوان، وەهبی سلێمانی (6/تشرینی دوەم/1989)دا ڕۆڵی هەبوە. (خەزنەدار،2013: 308).

کاروانی هونەری و ڕۆڵی ژنە هونەرمەندەکان لەو ساڵانەدا بەردەوام بو، هەر بۆیە کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد مەڵبەندی گشتی ڕۆژانی (15_21/کانونی یەکەم/ 1989) لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی پێشەنگایەکی تایبەتی بۆ هونەرمەند (کوێستان جەمال) کردەوە، کە تیادا کۆمەڵێک تابلۆ و کاری تازە پیشاندا، لەلایەکی ترەوە سەندیکای هونەرمەندانی سلێمانی بەبۆنەی ڕۆژی هونەرەوە پێشەنگایەکی فراوانی بۆ هونەرمەندانی سلێمانی کردەوە، لەم پێشانگایەدا کە لە ڕۆژی (9/کانونی دوەم/ 1990) لەهۆڵی (سورکێو) کرایەوە، ژمارەیەکی زۆر لەهونەرمەندان بەشداربون کە بریتیبون لە (عەلی لطیف، عەلی جوڵا، کوێستان جەمال). (عەبدولرەحمان،2016 : 133).

لە باسکردنی ڕۆڵی ژن لە هونەری شێوەکاریدا، ناکرێت ڕۆڵی هونەرمەند (نەعیمە محمد عەبدوڵا) کە لە سیرامیکدا کاری دەکرد پشتگوێبخەین، ناوبراو بەشداری لە بەشێک لەپێشانگای هاوبەشەکانی (ڕۆژی هونەر

لە بەغداد، پێشـــانگای حەوتەمی هونەرمەندانی ســـلێمانی، پێشـــانگای هەمیشـــەی گەلەری زاموا، پێشـــانگای هەشـــتەمی هونەرمەندانی ســـلێمانی)دا، کردوە.(حســـێن، 1998: 138)؛ (چاوپێکەتنی توێژە لەگەڵ نەعیمە محمد،17/تەموز/2022). ئەو هونەرمەندەی تریش کە ناکریت ڕۆڵی فەرامۆش بکرێت، هونەرمەند (چیمەن ئسماعیل ڕەشا[17])، لەساڵی(1988)دا ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغدادی تەواوکردوە و بەردەوامە لە کاری شـێوەکاری. لەپەیمانگای هونەرەجوانەکانی سـلێمانی بەشـداری ڤیسـتڤاڵی سـالأنەی ئەکادیمیای کردوە، بێجگە لەشـــاری بەغداد وســـلێمانی و هەولێر تابلۆ ڕەنگینەکانی لە (ئەلمانیا، پاریس، نیۆرک، لەندەن، کەندا، ڤیەننا، هۆڵندا)، پیشاندراون (ڕۆژنامەی ژیانەوە، ژ(2)، 1997: 4، (حسێن، 1998: 138).

## تەوەری چوارەم

## ڕۆڵی ژن لە ئەدەبیات و نوسین لە سالأنی(1975_1990)

ئەدەب یاخود ویژە ڕەنگدانەوەی ژیانی واقعی هەر میللەتێکە، هەڵقوڵاوی زەمینەی واقعی ژیانی مرۆڤە، لەم ســـۆنگەوە دەکرێ بڵێین ئەو ئەدەبەی کە هەیە ئەدەبێکی تاڕادەیەک نێرانەیە، تایبەتمەندی و ســـیمای (ژن)یان پێوە دیارنییە، هۆکارەکەشـی وێڕای ئەوەی کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکە پیاو تیدا سـەردارو دەسـەلأتدارە، بەلأم ژمارەیەکی زۆر کەم لە ڕەگەزی مێ دەنوسـن بە بەراورد بە پیاوانی نوسـەر. کەواتە بەردەوام شـاعیری ژن لەبەرگریدایە لەگەڵ ئەو هێزەدا کە جارجارەش بەناوی گشـــت ژن و مێینە قســـەدەکات. ســـەرچاوەی ئەم ڕوانینەش لەتێڕوانینی کۆمەڵگاوەیە، کە تا ئێسـتا بەهزری پیاوسـالاری، ژن پاشـکۆی پیاوانیەتی کە دەیپارێزێت و ناسـنامەکشـی پێوەبەندە، بەو واتایەی ژن دەبێتە موڵکی پیاو و خاوەنداریێتی دەکات، هەر ئەوەشـە هەمیشـە لەشیعری ژندا یا نوسینی ژنانەدا (من)یک هەیە و زوڵاڵانە دیتەگۆ و بەدەنگی بەرز هەمو پاساوی پیاوسالارانە بێ بەهاو بنەما نیشـان دەدات (ئەحمەد،1995: 6). نوسـینی داهێنەرانە کردەوەیەکە ڕاسـتەوڕاسـت پەیوەندی بەخودی مرۆڤەوە هەیە، خودێکی ســـەربەســـت کەســـێتیەکی ئازاد و ئەرینی و زیندو. بەلأم لە کەلتورێکی نێرسالارانەدا هەوڵدراوە ئەم تایبتمەندیانە لە ژنە نوسەرەکان بسەندرێتەوە (کاف، 1994: 12،14).

ژنان هەرچەندە خزمەتی ئەدەب و کێشـــەی ڕەوای خۆیانیان کردوە و خۆڕاگری و هەڵوێســـتی بوێرانەیان لەکارەکانیاندا بەرجەستەکردوە، بەلأم وەک پێویست هاننەدراون تاوەکو بەرەوپێش بچن وبەناوبانگ بن (محمد ،1998: 2). سەرباری ئەمەش ژنانی ڕۆشنبیر، ئەدیب، نوسەر لە پێشی ڕاپەڕین لەسەنگەری بەرگریدا کاریان دەکرد، شـــیعریان دەنوســـی، ئەوەی لەتوانایدا بوە چ بەئاشـــکرا چ بە نهێنی کردویانە و هیوایان بە دوارۆژی شـۆڕش هەبوە. بۆیە زۆر گەشـبینانە بیریان دەکردەوە، چاوەڕوان بون دوای سـەرکەوتنی شـۆڕش کێشـەی ژنان وەک باقی کێشـــە کۆمەلأیەتییەکانی تر ئەگەر هەمو شـــی نەبێ، ئەوا زۆربەی زۆری کێشـــەکانی چارەسەربکرێت وبەرەوپێش بچێت (خدر، 1993: 6).

نوســین و ئەدەب لای ژن جگەلەوەی هەوڵێکە بۆ نوســینەوەی خود بەگشــتی، ئەوا گوزارشــتێکیشــە بۆ ئازارەکانی، نوسـینی ژنانە والآکردنی پەنجەرەکەیە بۆ هەناســەدان ئەمەش وای لەبزوتنەوەکانی ژنان کرد، کە نوســین بکەنە ئەو هۆکارەی گوزارشــت لە ئازادییەکانیان بکات، چونکە ئەوە ڕون و ئاشــکراشــە کە پیاوان ناتوانن دەربڕی گشت ئازارو خواستە ژنانەکان بن، هیچ وێنایەکی ئازاری ڕاستەقینەی ژنانیان پێناکرێت، بۆیە پێویست بو ژن خۆی لە ڕێگەی نوسین و ئەدەبەوە گوزارشت لە ئازارەکانی خۆی بکات نەک پیاوێک لەبری ژنێک باس لە ئازارەکانیان بکات (ئیبراهیم، 2016: (https://www.haremnews.com/details/19352?fbclid=IwAR2pg-

لەو هەولآنەی ژن داویەتی دەتوانین نمونەی (دایکی سۆلاڤ[18]) بهێنینەوە، ئەو لەساڵی (1956)دا، بۆ یەکەمین جار لەڕۆژنامەی (ژین) بابەتێکی بەناونیشــانی (ئافرەت و ژن و ماڵ) بڵاوکردەوە، کە تێیدا داکۆکی لەسەربەستی ژنان کردوە.. دایکی سۆلاڤ لەو سەردەمەدا داوای لەژنانی کورد کردوە کە واز لە ڕوپۆشی (عەبا و پەچە)بهێنن، بەجلی ڕەســەن و جوانی کوردییەوە دەرکەون. دایکی ســۆلاڤ خۆی کرد بەپێشــڕە و بەنمونە وڕێچکەشکێن، چەند شیعر و بابەتێکیشی بەناوی خوازراوی (خوشکە کوردێک)ەوە، بڵاوکردونەتەوە. (شوان،https://www.kurdistanpost.nu:2014/8/11).

هەستی نیشتیمانی و خۆشەویستی بۆ پێشمەرگە، هەوڵدان بۆ پشتگیری لە دۆزی ڕەوای کورد و برەودان بە بەرخودان لە نوسینی ژنە نوسەرەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، شاعیر و ژنە نوسەرەکان بەشیعر و نوسین و ئەدەبی بەرگری خۆیان سەلماندوە، لەم نێوەندەدا ئەم کارەش لەشیعرەکانی دایکی سۆلاڤ ڕەنگی داوەتەوە. بۆ نمونە ژیلەمۆ: یەکێکە لەشیعرە ناسک و قوڵەکانی لەبەر ڕژێم ناڕاستەوخۆ باسی پێشمەرگە و بزوتنەوەی نەتەوەی دەکات، شیعرەکە دەڵێ:

پریشکی ئاگرێکی گەش

بەدەم (با)وە ئەخولایەوە

دای بەدارا کڵپەیان کرد

دای بەئاوا نەکوژایەوە..........بڕوانە(عوسمان،2020 :43،42).

بەهەمانشێوە (شوکریە ڕسول[19])، بۆیەکەمجار لەهۆڵی (ساطع الحصري) یەکەم شیعری خۆی لەچالاکیەکی زانکۆدا دەخوێنێتەوە، کە باسی پێشمەرگە ئەکات لەکۆپلەیەکیدا دەڵێت: "خۆشە بتبەن بۆ پەتی سێدارە...سەرت ببڕن..بڵێی هەرکوردم...دڵم نالەرزێت هەرگیز لەمەرگم) ،(محمد امین،2013 :73).

نوسینێکی شوکریە ڕەسول لەسێیەم ساڵی زانکۆدا دەنگەدەنگێک بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەپەرچدانەوەی نوسینێکی (عەلی شارەزوری) لەسەر مەسەلەی ژنان بو، شوکریە ڕەسول بەیەکەم کچی کورد دەژمێرێت کە

توانی پلەی زانستی" پرۆفیسۆر" وەربگرێت. ئەو بەئەکادیمیەکی سەرکەوتو ئەژمارئەکرێت لەوانەوتنەوە و سەرپەریشتکردنی نامەی ماستەر و دکتۆرا. نوسین و وەرگێرانی چەندان کتێبی لەبواری کەلەپوری کوردیدا بڵاوکردونەتەوە. و یەکێک بوە لەو ژنانەی لەبواری کۆمەڵایەتیدا بەدەم گرفتی کێشەی ژنان و کچانەوە بوە، دەستەی نوسەرانی گۆڤاری کاروان بوە لەساڵانی (1986–1990)دا. (محمد امین،2013،:74،75).

خاوەنی چەندین نوسینە بۆ نمونە نوسینێکی هەیە بەناونیشانی (فۆلکلۆر) دەربارەی گرنگی و بایەخی فۆلکلۆر و هونەری فۆلکلۆر خستوەتەڕو... بڕوانە (گۆڤاری کاروان،1982، :10). هەروەها نوسینێکی بەناونیشانی وەرزو ساڵنامەی کوردی لەپەندو قسەی نەستەقی کوردیدا بڵاوکردۆتەوە. کە تیدا باسی لە دەستنیشانکردنی ڕۆژمێر و ساڵنامەی کوردی کردوە ڕیشەکەی لەناو پەند و قسەی نەستەقی کوردیدایە (ڕەسول، 1988 :23 ). لە هەمان گۆڤاردا نوسنێکی بەناونیشانی ڕۆڵی فۆلکلۆری کوردی لەدیاریکردنی ڕوداوی مێژوی دا بڵاوکردۆتەوە و باسی لە کاریگەرییەکانی فۆلکلۆر دەکات بۆ دەستنیشانکردنی چەندین ڕوداوی مێژوی (ڕەسوڵ، 1981، :12).

لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردودا، نوسەرێکی دی دەرکەوت بەناوی (نەسرین فەخری عبدالعزیز سابونچی[20])، کەپێگەیەکی گرنگی هەیە لەبزاڤی ڕۆشنبیری و زمان وئەدەبدا، وەک مامۆستا و فیرکارێکی بە ئەزمون چەندین نەوە لەسەردەستی پەروەردە بون و گۆشکراون و ڕۆڵی هەبوە وەک ژنێک لە بواری نوسین و ڕۆشنبیری( خەزنەدار، 2017 :303). نەسرین فەخری خاوەنی خەرمانێک بەرهەمی چاپکرا و دەستنوسە، خاوەنی چەندین کتێبە، بەهەردو زمانی کوردی وعەرەبی نوسیونی. (11) کتێب بەزمانی کوردی و (12) کتێبی دەستنوسی کوردیشی لەدوا جێماوە. (10) کتێبی بەزمانی عەرەبی نوسیوە. بایەخی بەشیعر داوە و بەزمانی کوردی و عەرەبی شیعری نوسیوە و چوار دیوانی چاپکراوی هەیە، سەدان وتارو لێکۆڵینەوەی زانستی لەگۆڤار و ڕۆژنامە کوردی و عەرەبییەکاندا بڵاوکردۆتەوە (عەبدوللا،www.khaktv.net:2018/10/13). بڕوانە پاشکۆی ژمارە(3).

کاتێک دێینە سەرباسی شیعر ڕاستەوخۆ ڕۆڵ و بایەخی ژنە شاعیر (کەژاڵ ئەحمەد[21]) وەبیرمان دێتەوە، سەرەتای کاری نوسین و شیعر لە ئەنجامی ئەو دەردەسەری و نەهامەتیەی بەسەر کورد و نیشتیمان داهاتوە، بەهۆی زوڵم و زۆرداری بەعس بەرامبەر بەکورد و کۆمەڵی ئازاری تایبەتی و سیاسی و نەتەوەی بەرەو نوسینی شیعر هەنگاوی ناوە. یەکەم شیعری (دەنگی تەقە) بو (خاکی، دیداری ڕادیۆی دیالۆگ لەگەڵ کەژاڵ ئەحمەد: 2020). شیعرێکی شۆڕشگیری بو لەسەرگۆڕی (شەهید کاکەبرا) لەشارباژێر خوێندەوە، دواتر نەیتوانیوە شیعرەکە بڵاوبکاتەوە بۆ هاوڕێ نزیکەکانی شانە نهێنیەکەی دەخوێندەوە. دواتر دەستی کردوە بەنوسینی شیعری ژنانە کەتوانی سەرنجی کۆمەڵگای کوردی ڕاکێشێ وبتوانێ بڵاوبیکاتەوە، شیعرەکانی بەناوی (ئافرەتێ بە چرپە وتی) لەساڵی (1987)دا، لەگۆڤاری کاروان بڵاوبویەوەو دەنگی دایەوە. دواتر لەلایەن مامۆستا (کەریم شارەزا) هەڵسەنگێنراو مژدەی دەنگێکی ژنانەی دا، ئەو شیعرە کرا بەفارسی و تورکی و

ئینگلیزی. لێرەوە کەژاڵ ئەحمەد وەک هەستێکی ژنانە ناسرا .(لینا، بەرنامەی ئەزمونی من، (https://www.youtube.com/watch?v=0uk_WquQEg8.2021. لەساڵی (1987)دا لە هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی یەکەم شیعری پێشکەش کرد و پانزە شیعری خوێندەوە و لەچەند بڵاوکراوەیەک شیعرەکانی بڵاودەکرایەوە، بەڵام هەندێک جار شیعرەکانی سانسۆر دەکران یان دەستکاری هەندێ وشە دەکران. لەو شیعرانەی وێرای سانسۆریش جێگەی خۆیان لەدڵی خوێنەرەکانیدا کردەوە، بریتیبون لە: (ئەی سەرچاوەی خەمی گەورە)، (خاڵی گومان)، (لەلای ئێمە)، (دەستت بێنە بابیگوشم) ژمارەی شیعرە بڵاوکراوەکانی بون تا دوای ڕاپەڕین. (عوسمان، 2020: 11)

ئافرەتیک بە چرپەی وتی

لەبیلبیلەی چاوی برینێکی کۆندا

ئازارێک بەچرپە وتی:

من ئافرەتم بڕوانە.......(ئەحمەد، 1987 :57).

لەو دەمەدا نوسەر (شیرین کاف[22]) پەرەدەدات بەبواری ئەدەب و شیعرو وەرگێران و ڕۆژنامەنوسی. یەکەم کاری بەکورتە چیرۆک دەستی پێکرد، یەکەم کتێبی چاپکراوی هەرکۆمەڵێ چیرۆکە (پێش ئەوەی تاریک دابێ) ئەوە تاقە کتێبی چاپکراوی بو، هێشتا هاوسەری لەژیاندابو، بەڵام کتێبەکانی تری (کۆمەڵێ چیرۆک و شیعر و وەرگێران)، هەر هەموی دوای شەهیدبونی هاوسەرەکەی (دڵشاد مەریوانی) نوسیوەو چاپکردبو. سەرەتا وەک چیرۆکنوس ناسراوە، لەژێر کاریگەری هزری چەپدا دەینوسی هزری چەپ بەهەمو ڕەهەندەکانییەوە هەر لە مرۆڤ دۆستیەوە تا دژایەتی کردنی چەوساندنەوەی چینایەتی و جیاکاری ڕەگەزی و بەرگریکردن لەچین و توێژە بندەستەکان. لەهەموی زیاتر لای شیرین داکۆکیکردن بوە لەژن وەک تاک و توێژێکی بندەست و چەوسێنراوە. هەر لەسەرەتاوە درکی بەوە کرد کە ژن سەر بە هەر چین و توێژێک بێت هەر چەوسێنراوە و ژێردەستەیە (چاوپێکەوتنی شیرین،کاف,mawdamedia.com:2021)

**ئەنجام:**

لە ئەنجامی خوێندنەوە و ڕاڤەکردنمان بۆ سەرچاوەکانی نوسینی ئەم توێژینەوە و شیکاری چاوپێکەوتنەکان گەیشتین بە چەند ئەنجامێک کە لە خوارەوە خراوەتەڕو:

1. یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە ئەوەیە کە ژنان شانبەشانی پیاوان لەسەرجەم بوارە جیاجیاکاندا، ڕۆڵی گرنگ وبەرچاویان بینیوە، یەکێک لەو بوارانە مۆسیقا و گۆرانیە، ڕاستە لە ساڵانی حەفتاکانە ڕێژەی ژن کەم بوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جێ پەنجەیان دیاربوە، توانیویانە لە ڕێگەی گۆرانییەوە هەستی ناخی خۆیان دەربڕن وەک پەیامێک بۆ پاڵپشتی پێشمەرگەو دەربڕینی هەستی نیشتیمان پەروەرییان.

2.لە ساڵی 1980دا لەشاری سلێمانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان دەکرێتەوە، ئەم هەنگاوە وەک وەرچەرخانێکی دەگمەنی هونەری لە ژیانی هونەری ژنانی سلێمانیدا ڕەنگدەداتەوە، چونکە بۆ یەکەمجار ژن لە سلێمانی بەشێوەیەکی زانستی هونەریان خوێند و کاروچالاکی هونەرییان بە شێوەیەکی ئەکادیمی ئەنجامدا.

3. لەبواری نواندندا، ژن ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوە، بەتایبەت هونەری شانۆ، بونی ئەو ژمارە لە ژن لە سەر تەختەی شانۆ بۆ خۆی بەرپەرچدانەوەی نەریتە کۆنەکان بو و کارێکی ڕەچەشکێنی بو.

4.لە سالانی 1975_1980دا، لایەنی ڕۆشنبیری لەسلێمانی بەهۆی ڕوداوە سیاسی و کۆمەلایەتیەکان، نەبونی ناوەندی ئەکادیمیەکان، کە ژن تێدا دەرکەوێت لاواز بوە. بەلام هەولەکان خامۆش نەبون و وردە وردە بوژانەوە.

5. هۆکاری بەردەوامنەبونی ژن لەکاری هونەری بەشێوەیەکی گشتی بۆباروودۆخی کۆمەلایەتی ژنان دەگەڕێتەوە، کەزۆرجار لەدوای پێکەوەنانی خێزان ڕێگەیان لێ گیراوە. هەروەها نەبونی دەزگایەکی تایبەت بەهونەری ژنان لەباشوری کوردستاندا کەپشتگیریان لێ بکات و ڕۆڵی پلاتفۆرمێکیان بۆببینێت و سورنەبونی ژنان خۆشیان هۆکارێکی ترە بۆبەردەوام نەبونیان.

6.ژمارە و ستایلی کاری ژنە شێوەکارەکانی شاری سلێمانی وادەکات کە وەک تەوژمێک ببینرێت. ئەمەش بەتایبەت لەدوای کردنەوەی پێشانگای شێوەکارانی کورد لەهۆلی کۆمەلەی هونەرمەندانی عێراقی لەساڵی 1974.

7.هەستی نیشتیمانی و خۆشەویستی بۆ پێشمەرگە، هەولدان بۆ پشتگیری لە دۆزی ڕەوای کورد و برەودان بە بەرخودان لە نوسینی ژنە نوسەرەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، شاعیر و ژنە نوسەرەکان بەشیعر و نوسین و ئەدەبی بەرگری خۆیان سەلماندوە.

# The Cultural role of woman in Sulaymaniya City (1975_1990)

**Amanj Hassan Ahmed[1] - Avan Ahmed Abdulla[2]**

[1+2]Department of History, College of Humanities, Sulaymaniya University, Sulaymaniya, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

This paper entitled ""The Cultural role of woman in Sulaymaniya City 1975_1990"" aims to introduce the role of woman in Sulaymaniya and analyze it through a scientific methodology. Years between 1975_-1990 is considered as an important stage in the history Sulaymaniya since many activities have been till the present time. Moreover Sulaymaniya at that period of time was developing socially, intellectually, and culturally. Furthermore, women were practicing new ideologies and practicing new concepts of freedom which made woman's feeling compared to the other areas in Kurdistan wider. The reason for this shifting beside the pervious mentioned reasons; is that people were more open minded .Therefor, the existence of ,many women figures who broke the traditional norms of life had a great influence on the forms of thinking; among those were the talented writers. University, institution, journals, and the musical groups widened the space for women and enabled them to ride their horses. The establishment Sulaymaniya high school's musical group was the start point for women to practice their freedom and participate in artistic activities.

**Keywords**: Women, Sulaymaniya City, Cultural.

## سەرچاوەكان:


بەرزنجی، یاسین قادر (2007)، شانۆی كوردی ،چ2، چاپخانەی تیشك، سلێمانی.

بەرزنجی، یاسین قادر (2009)، هونەری دراما، ڕامانێك لە درامای كوردی، چاپخانەی كەمال، سلێماننی.

تاهیر، فوئاد( 2018)، ڕۆشنبیریمان، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

حاجی، مەغدی (1989)، ئافرەت لەشانۆی كوردی ،چاپخانەی الجاحظ, بەغداد.

حسین، سەردارخدر (2000)، ئافرەت مۆسیقا و گۆرانی كوردی، چ1، چاپخانەی هەواڵ، سلێمانی ،2000.

حەسەن، مەسعود مەحمود (2018)، شاری سلێمانی 1988_2003 توێژینەوەیكی مێژوی سیاسییە، ماستەری بڵاونەكراوە، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەكان، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی.

خەزنەدار، عەلی (2017)، ئافرەتە ناودارەكانی كورد، چ5، چاپخانەی كارۆخ، سلێمانی.

ساڵحە ڕەشە، ئەكرەم (1989)، شاری سلێمانی، بەرگی یەكەم، چ2، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی، بەغداد.

سەعید، بەختیار (2011)، ژنانی شێوەكار لە باشوری كوردستان، چاپخانەی تەوار، چ1،2011، سلێمانی.

سوبحان، كامەران (2007):لەڕقەوە....تاخۆشەویستی، دیدارێكی بەرفراوان لەگەڵ گەزیزە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلیمانی.

شوانی، ئاكۆ عەبدولكەریم (2002)، شاری سلێمانی 1918_1932 چ1، چاپخانەی زانست، سلیمانی.

عەبدولرەحمان، ئاراز علی (2016)، ڕەوشی ڕۆشنبیری شاری سلێمانی1979-1991، ماستەرنامەبڵاونەكراوە، زانكۆی ڕاپەڕین.

مەجید، هەوراز جەوهەر (2012)، شاری سلێمانی(14 تەموزی 1958_17 تەموزی 1968)،چ1، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

میرزا، كاوە ئەحەمد ( 2011)، شانۆی كوردی سلیمانی لە دامەزراندنیەوە تا ڕاپەڕینی 1991، چاپخانەی كارۆ سلێمانی.

محمدامین، زەكیەڕەشید(2013)، بزوتنەوەی كچانی كورد لەسلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی

عوسمان، نەرمین(2020) گوڵدانی ژن، چاپخانەی كارۆ، ،چ1، سلێمانی.

كەریم، توانا ڕەشید (2010)، سلیمانی لەنێوان سالانی 1945_1958 لیكۆلینەوەیە لە بارودۆخی ڕامیاری و ڕۆشنبیری، ماستەری بلاونەكراوە كۆلێژی ئەدەبیات، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر . .

كەریم، سەلام فەرەج (2009)، گەشەسەندنی درامای كوردی 1975_1995 چاپخانەی ڕەنج، چ1 سلێمانی.

قەرەداغی،بورهان(2011)، شانۆی منال (مێژو، بیلۆگرافیا، تیۆر، پراكتیك)، چ1، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی.

ئەحمەد، كەژاڵ (1995)، نێرایەتی جنیای كوردو ئەدەبی كورد، كوردستانی نوێ، ژ(208)،سلیمانی.

ئەحمەد، کەژاڵ(1987) ، ئافرەتێک بە پرپە وتی ، گۆڤاری کاروان، ژ60 ،چاپخانەی دار الحریە للطبع،بغداد.

ئەحمەد، کەیفی (2018)، شانۆ و شانۆی منداڵان، دەزگای چاپ و ئاڵای ڕوناکی، هەولێر.

بەرزنجی، یاسین قادر(2003)، ئەکتەرە کوردەکان شادان فواد، ڕۆژنامەی بەدرخان، ژ(39)، سلێمانی.

جەزا ،دالیا (2005)، تیپی مۆسیقای ئامادەی سلێمانی کچان سمبولێکی ترە بۆ شکۆداری کچانی شار، گۆڤاری سلێمانی ژ.58، سلێمانی.

چاوپێکەوتن شیرین کاف (1997) هەولێک بۆتیرۆرکردنی خەونەکانمان، پاشکۆی کوردستانی نوێ، ژ(1428)، سلێمانی.

حسین، ریزان (1998)، خوایە وەتەن ئاواکەیت، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ: ژ(10)، چاپخانەی داناز،سلێمانی.

حەســـەن، محمد فەریق(2001) هونەری شـــێوەکار، چاپخانەی دارالثقافة و النشـــرالکردی فی بغداد،گۆڤاری ڕەنگین،ژ(144)، بەغداد.

خدر، سارا فەقێ(1993)، ئافرەتی ڕۆشنبیر وکۆمەڵگای ئەمڕۆ، کوردستانی نوێ،ژ(326)،سلێمانی.

ڕەسول ،شکریە (1982) ، فۆلکلۆر، گۆڤاری کاروان ژ10، دار الحریە للطبع, بغداد.

ڕەسول، شکریە (1988)، وەرزو ساڵنامەی کوردی لەپەن دو قسەی نەستەقی کوردیدا ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ:ژ117، دار الثقافة والنشر الکردیة, بغداد.

ڕەسـول، شـکریە(1981)، ڕۆڵی فۆلکلۆری کوردی لەدیاریکردنی ڕوداوی مێژوی، گۆڤاری ڕۆشـنبیری نوێ: ژ83، دار الثقافة والنشر الکردیة، بغداد.

ڕۆژنامەی ژیانەوە،ژ(2)،1997/7/19.

ڕۆژنامەی ژیانەوە ژ(12 )ساڵی یەکەم 1998/3/8.

سەعید، بەختیار(2019)، 235 ساڵ لەداهێنانی هونەری شێوەکاری، کوردستانی نوێ، ژ(8010)، سلێمانی.

سەعید، بەختیار(2021)، ژنانی شێوەکارلەباکوری کوردستاندا، گۆڤاری سەردەمی ژن، چاپخانەی ڕەنج، ژ(1)،سلێمانی.

علی، مەریوان (1999)، خاتوگەزیزەی هونەرمەند نیگەرانە لەو تەمومژەی سـیمای شـانۆی کوردی داگرتوە، کوردسـتانی نوێ، ژ(1777)، سلێمانی.

قەرەداغی، بورهان(2002)، ڕۆڵی ژن لەنێو کەلتوری شانۆدا، ڕێوان، سەنتەری ڕاگەیاندن و ڕوناکبیری ژنان، ژ(30)،سلێمانی.

کاف، شیرین(1994)، نامۆبونی ژن بەنوسین، گۆڤاری تەوار، چاپخانەی کوڕەو، ژ(8) سلێمانی.

ئاواز:هونەرلەنێوان داهێنان وبازرگانی دا،کوردستانی نوێ،ژ(40)، 1993،سلێمانی.

محمد ،ئەمیرە (1998) ژنان ونوسین، دەنگی ژنان، ژ(32)، بلاوکراوەی ڕۆشنبیری مانگانەیە، یەکیتی ژنان ،سلێمانی.

محمد کویستان (1993) ، لاپەڕەکی پرشنگداری ژنانی سلێمانی لەبواری ئاواز و مۆسیقادا، گۆڤاری تەوار،ژ(6)، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی.

نادر،تەلار(1999)، باکارە هونەریەکانمان لەخزمەت کێشە کۆمەڵایەتیەکاندا بێت، ڕۆژنامەی ژیانەوە، ژ(36) ،سلێمانی.

هەورامی، حەمە کەریم (2001)، درامای کوردی لەناو درامای جیهاندا، چاپخانەی ئاراس ،هەولێر.

ساڵح،نەهرۆ(2001)،یەکەم ئافرەتی کوردلەکۆلێژی هونەر وەرگیرا(خاتوبەدیعەدارتاش)ە،گۆڤاری ڕەنگین،ژ(144)،دارالثقافةوالنشرالكردية، 2001.

محمد،سیروان(2003)،تیپی مۆسیقای مەولەوی چۆن دامەزرا،گۆڤاری سلیمانی،ژ (40)،سلیمانی.

پشوی کوردستانی نوێ، ژ(12)،(2000)، سلێمانی.

بەدیعە دارتاش دایکی شانۆی کوردی، سلێمانی 2022/3/15
https://mewdamedia.com/articles/23558?fbclid=IwAR3j05qu5v3IvjYzCDqHiVrxrLH0eeg_8av43XldrNjblQGQGyob4opUSDQ

بەیان بۆمبا ،بەرنامەی تایم time،خاک تیڤی،سلێمانی،2021. https://www.youtube.com/watch?v=6tf5WNNenDs

محمود،ف ریشتە،بەیان بۆمبا گەوهەرێک لە ناو هونەری کوردیدا، 2020/2/24،
https://rojnews.news/%DA%A9%D9%84%

ئیبراهیم، بەیان: ژن وشیعر- https://www.haremnews.com/details/19352?fbclid=IwAR2pg

دکتۆر نەسرین فەخری زانای زمانەوانی، 2018/10/13 (www.khaktv.net,2018).

دکتۆرە شکریەرسول،ڕادیۆی سوشیال k24،2022/3/16،هەولێر،www.kurdistan k24.net.

ژیان نامەی هونەرمەندو ئەکتەری دیاروخۆشەویستی کورد خاتو بەیان زەریفی، https://kurdshano.ir/%DA%98%DB%8C%D8%A7%D9%86-

سیاسەت و کوردایەتی باکگراوند و مۆتیڤە گەورەکەی ژیانی ئیمەبو، https://mewdamedia.com/articles/15326?fbclid=IwAR0qbtAI_ff6U9VS9W5J75PqmcL_QWwyjB62sM2Bs2CwlQjmhAUQld3A3sI

شوان، ڕەزا، شاعیری ناوداری منداڵان ( دایکی سۆلاڤ)، 2014/8/11
https://www.kurdistanpost.nu/?mod=news&id=49421&sdate=11/8/2014

گوزیدەقەفتان یەکێکە لەمامۆستا دێرینەکانی سلێمانی، بەرنامەی چیرۆکی من، https://www.facebook.com/watch/?v=236466481998603

لینا چاوپێکەوتنی لەگەڵ کەژاڵ ئەحمەد،بەرنامەی ئەزمونی من،خاک تیڤی،2021،سلێمانی. https://www.youtube.com/watch?v=0uk_WquQEg8

محمد خاكی:دیداری ڕادیۆی دیالۆگ لەگەڵ كەژاڵ ئەحمەد،سلێمانی،2020. https://www.youtube.com/watch?v=28hxForEX3c

نەرمین قادر،2016 https://www.youtube.com/watch?v=tlNNzMzK930

نیوسەدەیە دایكی ئاریان خەریكی نواندنە،-https://rojnews.news/%DA%98%D9%86

عومەرة ئاڤان، هونەر لە بازنەدا، -http://cultureproject.org.uk/kurdish/zero-art-interview-with-saman

ئەزموونی هونەری ژیان ابراهیم خەیات، 6/یون/2018،ڕۆژنیوز. https://rojnews.news/%DA%A9%D9%84%D8%AA%D9%88%D9%88%D8%B1-%D9%88-

ئەزموونی هونەری ژیانی ابراهیم خەیات،چوارشەممە، https://rojnews.news/%DA%A9%D9%84%D8%AA%D9%88%D9%88%D8%B1-%D9%88-

مامۆستا گوزیدە قەفتان، یەكێكە لە مامۆستا دێرینەكانی سلێمانی، لە چیرۆكی مندا ژیانی خۆی باسدەكات https://www.facebook.com/watch/?v=236466481998603

بەرنامەی گوڵنیشان مامۆستای موزیك ناسك حەسەن https://www.youtube.com/watch?v=1rLQDTLbjhg .

زیبا:ئەو ژنەی لەدنیای منداڵانەوە ئاشنای هونەر بو زیاترلە 30 ساڵە بەردەوامە، https://politicpress.com/2542/?fbclid=IwAR2q8MbtsFWnE0QcW0MiGtREkJU7mgEalHodFYXyjHB OWrJVcbIGdMOwTFU.؛

ناجی: تیپی مۆسیقای پیرەمێرد،2022تیپی مۆسیقای نەورۆز: https://zaniary.com/blog/629b8ab524b0d/%D8%AA%DB%8C%D9%BE%DB%8C-.

تیپی مۆسیقای نەورۆز، (https://www.wikiwand.com/ckb/%D8%AA%DB%8C%D9%BE%DB%8C_%D9%85%DB%86%

چاوپێكەوتنی شیرین ك:2021

https://mewdamedia.com/articles/15326?fbclid=IwAR2Us7WYo08zgChj-zB37mSudT2Rybg8rGu0CyOJZdPpsuo9c9b26VxGVjw

چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ نەعیمە محمد عەبدولا، 2022/7/17 لە زانكۆی سلێمانی ڕۆژی یەك شەممە كاتژمێر 11.

چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ بەیان بۆمبا، چالاكی قوتابخانەكان، سلێمانی، 2022/8/23 كاتژمێر 10 سەرلەبانی.

## پەراوێزەکان:

1.تیپی مۆسیقای مەولەوی یەکەمی تیپی مۆسیقایە لەسەرتاسەری کوردستاندا بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1953 دامەزرا، تا کۆتایی حەفتاکان بەردەوام خزمەتی بە بواری هونەری و مۆسیقا کردوە، بە دەیان ئاواز و گۆرانی فۆلکلۆری لە فەوتان پاراستوە، ئەم تیپە لەسەر ئاستی عیراق ناسرابو چەندین ئاهەنگی نەورۆز لە بەغدا زو شاریەکانی عێراق سازکردوە و چەندین خەلاتی ڕێزلێنانی وەرگرتوە. بۆ زیاتر بڕوانە: (محمد،2003: 31).

2. گوزیدە قەفتان: لەدایکبوی 1937، لەگەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لەبنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر و دیاری کوردبوە، کچی مێژونوس ساڵح قەفتانە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی سدیقەی سەرەتای و ناوەندنی سلێمانی لەئامادەی سلێمانی تەواوکردوە، ساڵی1959 بەمەبەستی خوێندن چۆتە بەغداد، لەساڵی1962دا لەئامادەی سلێمانی کچان دەبێتە مامۆستا، ساڵی1972 بەبەڕیوەبەری ئامادەی سلێمانی هەڵدەبژێرێت و تاوەکو ساڵی1979 بەردەوام دەبێت (محمدامین، 2013 : 56).

3.ناسک حەسەن محمود: لەساڵی 1968 لەگەڕەکی کارەبا لەقەلادزێ سەربە پارێزگای سلێمانی لەدایکبوە، لەخێزانێکی کوردپەروەر و خوێندەوار، قۆناغی خوێندنی سەرەتای و ناوەندی لە قوتابخانەی شیرین لەسلێمانی تەواوکردوە، دەرچوی بەشی مۆسیقای پەیمانگای هونەرەجوانەکانە لە سلێمانی (محمدامین،2013 :145،146).

4. چیمەن حەسەن محمود: لەساڵی 1964لە قەلادزێ لەدایکبوە دەرچوی کۆلێژی پزیشکییە لەزانکۆی موسڵ لە ساڵی 1977–1978 دەستی کردوە بە فێربونی مۆسیقا لەسەر ئامێری کەمانچە (حسین،2000 :34).

5.تیپی مۆسیقای نەورۆز: گروپێکی مۆسیقی کوردی سەربە چالاکی قوتابخانەکان بو لەلایەن عوسمان محمد دامەزرا، دواتر لەگەڵ هەردو تیپی مۆسیقای بێخودو تیپی مۆسیقای شێخ محمود تیپی مۆسیقای منالانی سلێمانیان دروست کرد.( https://www.wikiwand.com/ckb/%D8%AA%DB%8C%D9%BE%DB%8C_%D9%85%DB%86%D8%B3%DB%8C%D9%82%D8%A7%DB%8C_%D9%86%

6. پەیمان عومەر بەهرام: لە ساڵی 1964، لەگەڕەکی شێخان لەشاری سلێمانی لە بنەماڵەیەکی هونەر دۆستدا لە دایکبوە، هەرلە پۆلی سێی سەرەتاییەوە جێی متمانە بوە بۆ بەشداری کردنی لەچالاکی قوتابخانەدا هەرلە ڕێگەی چالاکی قوتابخانەوە بەشداری لە فیستیڤاڵی میوزیکی جیهانی لە بەغداد کردوە، یەکەم کچە کوردبوە گۆرانی بە زمانی بادینی و هەورامی لە ساڵی1980 وتوە (محمدامین، 2013: 150).

7.تیپی مۆسیقای پیرەمێرد: گرووپێکی مۆسیقی کوردییە، سەر بەچالاکی قوتابخانەکان بو، ساڵی (1977) لەسەردەستی سەلاح ڕەئوف دامەزرا، تیپەکە نزیکەی (60) ئەندامی هەبو کە لە دو قوتابخانەی کچان وسێ قوتابخانەی کوڕان هەڵبژێرابون، ئەم تیپە لەسەرەتادا هەر منداڵی فێری مۆسیقا دەکرد تا ساڵی 1991 چالاک بو.( https://zaniary.com/blog/629b8ab524b0d/%D8%AA%DB%8C%D9%BE%DB%8C-%D9%85%DB%86%D8%B3%DB%8C%D9%82%D8%A7%DB%8C-.

8. ئالاعومەر ابراهیم: لە 1963 لە سلێمانی لەدایکبوە، پەیمانگای تەکنەلۆجیای لەشاری کەرکوک تەواوکردوە، سەرەتای کاری هونەری 1974 بەشداری کردوە لەچالاکی قوتابخانەکان بە گۆرانی منداڵان لە سلێمانی و هەولێرو بەغداد. هەرلەو سەردەمەوە تائێستا (40)گۆرانی جۆراوجۆری هەیە (پشوی کوردستانی نوێ، ژ(12)،2000).

9. بەدیعە عەبدوڵا حەسەن: لەساڵی 1946 لەگەڕەکی مەلکەندی شاری سلێمانی لە دایکبوە، لەخوێندنگای (صدیقە) لەلای ماڵی حاجی قادر جەباری دەستی کردوە بە خوێندن، دوای قۆناغی ئامادەی لەساڵی 1968 چۆتە بەغداد، لە کۆلێجی هونەرەجوانەکان بەشی شانۆ وەرگیراوە. وەک یەکەم کچی کورد توانی ئەوبەشە تەواو بکات، لەساڵی 1972_1973 بڕوانامەی کۆلێجی هونەرە جوانەکانی بەغداد بەشی شانۆی بەدەست هێنا.... بڕوانە: (چاوپێکەوتنی مەودامیدیا،mewdamedia.com:2022/3/15).

10. گەزیزە عومەر: لە ساڵی 1961 لەشاری سلێمانی لە خێزانێکی هونەردۆست لە دایکبوە، کچی نوسەر و ئەکتەر ودەرهێنەر عومەر علی، خێزانی شێوەکار ئیسماعیل خەیاتە، خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریوسی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدایە، لە منداڵییەوە کەسێتی تایبەتی تیادا بەدی دەکرا، ئازا و بوێرە لەسەر شانۆ پێشڕەو و هاندەری ڕەگەزی مێینەیە، لەژیانی فەرمانبەریدا مامۆستا و سەرپەرشتیار بوە (محمدامین،2013: 120،121).

11. عەتیە محمدئەمین: ساڵی1950 لە شارۆچکەی پێنجوێن سەر بەپارێزگای سلێمانی لەدایکبوە، دواتر چونەتە گەڕەکی مەلکەندی لەسلێمانی لەوێ گەورە بوە، لەگەڵ ئەوەی لەتەمەنێکی کەمی منداڵیدا ژیانی هاوسەرگیری پێکدەهێنێت. توانیویەتی قۆناغی خوێندن تەواوبکات لەساڵی شەستەکان بەهۆی گواستنەوەی فەرمانبەران لەگەڵ خێزانەکەی دەچنە بەغداد و نزیکەی بیست ساڵ لەوێ دەمێننەوە. (ڕۆژنیوز،rojnews.news: 2020/2/25).

12. بەیان زەریفی: ساڵی 1963 لەشاری سلێمانی لەدایکبوە، قۆناغەکانی خوێندنی لەسلێمانی تەواوکردوە، لە ساڵی 1986 پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەشی شانۆی تەواوکردوە، هەر لەو ساڵەدا بوەتە مامۆستا لەشارۆچکەی دوکان و پاشان گوازراوەتەوە بۆناوچەی ئەڵلای لەشارۆچکەی بازیان (زیبا،politicpress.com:2020/8/11).

13. بەیان محمود عەلی: لەدایکبوی ساڵی1963 گەڕەکی کانێسکانی شاری سلێمانیە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتای لەقوتابخانەی ڕوناکی و نیشتیمان تەواوکردوە، ناوەندیشی لە شیرین و ژین لە سلێمانی تەواوکردوە. هەر لەسەرەتای ژیانییەوە خولیای گۆرانی و ئارەزوی نواندن و شانۆو هونەر بوە (محمدامین،2013 :137). بۆمبا: ئەم نازناوە دەگەڕێتەوە بۆ1923/3/4 کە یەکەم بۆمب دەدا بەسلێمانیدا لەسەردەمی شێخ محمودی نەمردا باوکی لەدایک دەبێت مامانەکەی دەڵێت خولە بۆمبا لەدایک بو (بەیان بۆمبا،بەرنامەی تایم time،خاک تیڤی،سلێمانی:2021).

14. نەرمین قادر: لە ساڵی 1962 لەسلێمانی، لەخێزانێکی کوردپەروەر لەدایک بوە. لەوسەردەمەدا خوێندن عەیبە بۆ کچ، بەڵام بەهەوڵی خۆی چۆتە قوتابخانە، ئارەزوی کردوە بچێتە کۆلێژی یاسا بەڵام باوکی نەیهێشتوە، لەچواری ئامادەیی هێنایەدەرەوە، بەڵام درێژەی بەخوێندندا لەبەشی شانۆی پەیمانگای هونەرەجوانەکان. (چاوپێکەوتنی نەرمین قادر Newroztv :2016/7/3).

15. ژیان ئیبراهیم خەیات: کچی هونەرمەندی گۆرانیبێژ و ناسراو ئیبراهیم خەیاتە، لە ساڵی 1963 لە بنەماڵەیەکی هونەر دۆستی شاری سلێمانی چاوی بەدنیا هەڵهێناوە. لەساڵی 1987پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی تەواوکردوە. (شەهابی،6/یون/2018: Rojnews.news).

16. بێگەرد عوسمان حەسەن: لە1964/7/1 لەسلێمانی لەدایکبوە، بڕوانامەی خوێندنی دبلۆم1995_1996بەکالۆریوس2002–2002 پسپۆری تایبەتی شێوەکارییە (خەزنەدار، 308:2017).

17. چیمەن ئیسماعیل: لەساڵی 1966 لەسلێمانی لەدایکبوە، هەر لەمنداڵییەوە خەریکی وێنەکێشان بوە، زیاتریش لەتەمەنی یانزە ساڵییەوە کە لە پۆلی یەکەمی ناوەندی بوە هەمو کاتەکانی دابەش کردبو لە نێوان خوێندن و وێنەکێشاندا، سەرباری ئەوەی زۆر سەرکەوتو بوە لە خوێندن (حسین میسری) هاوسەری زۆر هاوکاری دەکات. بڕوانە: (ژیانەوە، ژ(2)، 1997/7/19، ل4)، (گەلاوێژی نوێ، ژ(10)، تشرینی یەکەمی ،1998 :137).

18. دایکی سۆلاف: ناوی تەواوی سەبریە نوری قادر، لەساڵی 1928 لەشاری سلێمانی لەدایکبوە، ئاستی خوێندنی قۆناغی سەرەتای تەواوکردوە، هەر لە منداڵییەوە هۆگری خوێندنەوەی شیعرو وێنەکێشان بوە، هەرلەمنداڵیەوە چەند شیعرێکی سادەی بۆ جوانی بەهار و شاخەکانی گویژە و ئەزمەڕ نوسیوە، لەساڵی 1996 لەسوید دەژی و شەش کچ وکوڕێکی هەیە. بڕوانە (شوان،kurdistanpost.nu:2014/8/11) .

19. شوکریە ڕەسول: لەساڵی 1951 لەشاری سلێمانی لەدایک بوە، قۆناغی سەرەتای و دواناوەندی لەسلێمانی تەواوکردوە، بەداستانە شیعریەکان دەستیپێکرد (شیرین وفەرهاد، لەیل ومەجنون) زۆرجار بیری دەکردەوە لەگردو سەوزای و چیای ئەزمڕو گۆیژە. لەسەرەتای منداڵییەوە وڕێنەی بەشیعر دەکرد، شتی بۆخۆی دەنوسی لەقۆناغی دواناوەندی یاری بەشیعر دەکرد، لەگەڵ کۆمەڵی لەهاوڕێیان سەردانی کتێبخانەی گشتی سلێمانیان دەکرد زۆربەی ڕۆمانی نوسەرە

عەرەبەکانیان وەردەگرت و دەیانخوێندەوە لە و سەردەمە گۆڤاری ڕۆژی نوێ وگەلاوێژ دەهێناو دەیانخوێندەوە، ئەمانە بانگگراوندی ڕۆشنبیری بو بۆی و باوکی هاندەرو یارمەتیدەری بوە (بەرنامەی زیاتر لەکتێبێک، ڕادیۆی سۆشیال،www.kurdistan k24.net: 2022/3/16).

20. نەسرین محمد فەخری: لەساڵی 1937 لەسلیمانی لەدایکبوە، زانایەکی گەورەی بواری ئەدەب وشیعر و زانستە، گرنگیەکی زۆری بەبواری فۆلکلۆری کوردی داوە. لەساڵی 1965 لەباکۆ لە یەکێتی سۆڤیەت دکتۆرای وەرگرتوە لەگەڵ د.کەمال مەزهەرو د.عیزەدین مستەفا ڕەسول. نامەی دکتۆراکەی لەسەرزمانی کوردییە، ساڵانێکی زۆرلە چەند ئێزگەیەک کاری کردوە، وەک ئێزگەی بەغداد بەشی کوردی و عەرەبی و ئیزگەی مۆسکۆ و ئیزگەی باکۆ. لەو نێوەندەشدا ڕۆڵێکی بەرچاوی لە هۆشیاری و ڕۆشنبیریدا لەو ئێزگانەدا گێڕاوە. زمانی عەرەبی و تورکی وفارسی و ئینگلیزی و کەمێکیش فەرەنسی دەزانێ. لەگەڵ (گۆرانی شاعیر) و (شاکر فەتاح) بناغەی کۆڕی زانیاری کوردستانی داناوە (خەزنەدار، 2017 :303).

21. کەژاڵ ئەحمەد: لە ساڵی 1967 لە کەرکوک لەدایک بوە، بە بنەچە خەڵکی سلێمانین، بەڵام بەهۆی کاری باوکیەوە لەشاری کەرکوک ژیاون تا تەمەتی چوار ساڵی لە کەرکوک بون. دواتر گەڕاونەتەوە بۆشاری سلێمانی، هەر لەوێ قۆناغەکانی خوێندنی بڕیوە. لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردودا چوتە ڕیزی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە، لەگەڵ هاوڕێیەکی قوتابخانەی کە ناوی (چرۆ محمد)ە، بەیەکەوە چالاکی کارو چالاکی شانە نهێنیەکەیان ڕاپەڕاندوە. (چاوپێکەوتنی نەرمین عوسمان،mewdamedia.com: 2021/2/20 )

22. شیرین کەمال ئەحمەد: لەشاری سلێمانی لەگەڕەکی سەرشەقام لەدایکبوە، لە1954 لە بنەماڵەیەکی ئاینی تەریقەتی نەقشبەندی ناسراون، پەروەردەیەکی مۆدێرنانە کراون ئازادیەکی باشیان هەبوە، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی دواناوەندی لەسلێمانی تەواوکردوە، لەساڵی 1973–1974_چۆتە زانکۆی بەغداد لەبەشی کوردی (چاوپێکەوتنی شیرین ک. : (https://mewdamedia.com/articles/15326?fbclid=IwAR2Us7WYo08zgChj-

# پاشكۆكان

پاشكۆی ژماره (1)

ناوی ئەندامەكانی خولی یەكەم تیپی مۆسیقای ئامادەی سلێمانی كچان

| ژ | ناوەكان | جۆری ئامێر |
|---|---|---|
| 1 | مامۆستا گوڵشەن | كەمان |
| 2 | نازەنین ڕەئوف | كەمان |
| 3 | تانیا | كەمان |
| 4 | ناجیە محمد | كەمان |
| 5 | پەیمان حسین | ئۆكۆردیۆن |
| 6 | ئاشتی | ئۆكۆردیۆن |
| 7 | مامۆستا نەرمین خالید | گیتار |
| 8 | مامۆستا كافیەسلێمان | گیتار |
| 9 | گوڵاڵە حسێن | گیتار |
| 10 | پەرژین ئەحمەد | پەرژین ئەحمەد |
| 11 | ڕوناك علی | جاز |
| 12 | نیان عبدالكریم | ایقاع |
| 13 | بەهارمحمود | دەف |
| 14 | نازەنین علی | سەنج |

ناوی ئەندامەکانی خولی دوەم تیپی مۆسیقای ئامادەی سلێمانی کچان

| ژ | ناوەکان | جۆری ئامێر |
|---|---|---|
| 1 | دڵخۆش محمد | کەمان |
| 2 | صبریە محمد | کەمان |
| 3 | درەخشان عمر | کەمان |
| 4 | شلێر علی | کەمان |
| 5 | بێگەرد حسێن | کەمان |
| 6 | ناجیە محمد | کەمان |
| 7 | پەیمان علی | ئۆکۆردیۆن |
| 8 | ئامینە عبدالله | ئۆکۆردیۆن |
| 9 | شیرین علی | ئۆرغۆن |
| 10 | گوڵاڵە حسین | گیتار کارەبای |
| 11 | کەژاڵ عبدالوهاب | گیتارکارەبای |
| 12 | فاتمە محمد | گیتار ئیسپانی |
| 13 | شیرین حسێن | گیتارئیسپانی |
| 14 | شەهێن عبدالوهاب | گیتارئیسپانی |
| 15 | ڤیان محمد صاڵح | جاز |
| 16 | ڕۆشنا ڕەشید | ایقاع |

پاشکۆی ژمارە (٢)

داتاکان — پەیمانگای هونەرە جوانەکان

**بەشی شانۆ**

١٩٨٠ - ١٩٨١ — ٨٠ خوێندکار

١٧ کچ — ٦٣ کوڕ

١٩٨١ - ١٩٨٢

١٢ کچ — ٣٥ کوڕ

٦ کچ — ٣٤ کوڕ

١٩٨٢ - ١٩٨٣

**بەشی هونەری شێوەکاری**

١٩٨١ - ١٩٨٢

کوڕ ٥٦ — ٢٧ کچ

١٩٨٠ - ١٩٨١

٤٢ کوڕ — ٣١ کچ

ئەندازیار عقیل جمیل
ب. بەڕێوەبەری کاروباری تۆمار
٢٨/٩/٢٠٢٢

**بەشی مۆسیقا**

١٩٨٢ - ١٩٨٤ — ٣ کچ — ١٣ کوڕ

١٩٨٤ - ١٩٨٥ — ٤ کچ — ١٠ کوڕ

١٩٨٥ - ١٩٨٦ — ١ کچ — ٢ کوڕ

ئەم زانیاریانە لە وتەی / مامۆستا ئەندازیار خلیل ملا ئیبراهیم کە پاشینەی بەڕێوەبەری پەروەردە تۆمار لەگەڵ پەیمانگای هونەرە جوانەکان

سلاوی

ئەندازیار عقیل جمیل
ب. بەڕێوەبەری کاروباری تۆمار
Scanned with CamScanner

پاشكۆی ژمارە(3)

ناوی بەرهەمەكانی نەسرین فەخری:

1_چاوگی بێ واتا_لەزمانی كوردیدا_هۆو چۆنێتی بەكارهێنانی: چاپخانەی (النجف الاشـــرف)ســـاڵی 1973. بەیاریدەی كۆڕی زانیاری كوردیە بەغداد (چاپخانەی ئاداب)، ئەندامی یاریدەدەری كۆڕبو.

2_كتێبی زمانی كوردی، بۆ پۆلی سێیەمی سەرەتایی، لەسەر داوای وەزارەتی كاروباری ژورو، بەغداد،1973.

3_كتێبی زمان وئەدەبی كوردی، بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، لەسەرداوای وەزارەتی كاروباری ژورو، بەغداد، ساڵی .1971.

4_كتێبی ڕێزمانی كوردی بۆ بەشـــەكانی زمانی كوردی پۆلی یەكەمی زانكۆكان لەعێراقدا (منهجی)، چاپی زانكۆی سەلاحدین، هەولێر، ساڵی 1978_1979.

5_كتێبی (ڕستەو چەمكی ڕستە لەزماندا بەگشتی و تایبەتییەكانی لەزمانی كوردیدا، وەك نیشانەیەكی گرنگی شارستانی، بەغداد، چاپ لەلایەن محمد زەهاوی، دكتۆرایە، ساڵی 1996 چاپی (دارالحریە).

6_كتێبی دیوانی شعری بەناونیشانی (من خوێناوی برینی تۆم)، بەغداد، ساڵی 1986، چاپی (دارالحریە)، چاپی وەزارەتی ڕۆشنبیری –دەزگای ڕۆشنبیری كوردی.

7_كتێبی یاری لە كوردەواریدا و پێكهێنانی لە ڕوی زمانەوەو دەوری بۆ ســـەر كۆمەڵ، بەرگی یەكەم، چاپی وەزارەتی ڕۆشنبیری وبلاوكردنەوە، بەغداد، ساڵی 1992.

8-كتێبی یاری لەكوردەواریدا و پێكهێنانی لەڕوی زمانەوە و دەوری بۆ ســـەر كۆمەڵ، بەرگی دوەم، بەغداد، ساڵی 2000.

9-كتێبی دیوانی شـــیعر بەناوی(بۆ)؟ خۆی دیوانە عەرەبییەكەی بە ناونیشـــانی (اللحن الاخیر-دوا ئاواز)ە، یەكخراون لەسەر داوای ناوبراو، بەغداد، ساڵی 2002، چاپی وەزارەتی ڕۆشنبیری كوردی.

10_نامەی دكتۆراكەی بەزمانی ڕوسی ساڵی 1965 یەكێتی سۆڤیەت_باكۆ_ئازەربایجان.